www.mukiryani.com

**info@mukiryani.com**

# ســـاڵی من

**پێشکەشە بە**

**گوڵی باخەکەم تابان گیان**

**کە هەر لە ئێستاوە**

**حەز لە خوێندنەوە و نووسینی**

**چیرۆک دەکات**

رۆلْد دالْ

# سالْى من

وەرگێڕ

نەسرین ئەحمەد

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی**

● **ساڵی من** (زنجیرەی چیرۆکی منداڵ و مێرمنداڵان)

● **رۆڵد داڵ**

● **وەرگێڕا: نەسرین ئەحمەد**

● نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: **رێدار جەعفەر**

● نرخ: (٢٠٠٠) دینار

● چاپی یەکەم ٢٠١٤

● تیراژ: (٧٥٠)دانە

● چاپخانە: چاپخانەی **موکریانی** (هەولێر)

● **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٣٠٧) ساڵی(٢٠١٤)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٨٢٦)**

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## ناوەڕۆك


سەبارەت بە نووسەر ........................................ ٧

ژانویە ........................................................ ١١

فێبرایەر ..................................................... ١٧

مارس ......................................................... ٢٥

ئاپریل ......................................................... ٣١

مەی .......................................................... ٣٥

جوون ......................................................... ٤٥

جولای ......................................................... ٤٩

ئۆگەست ...................................................... ٥٥

سێپتەمبەر .................................................... ٦١

ئۆکتۆبەر ..................................................... ٦٧

نۆڤەمبەر ..................................................... ٧٣

دێسەمبەر ..................................................... ٧٧

## سەبارەت بە نووسەر

رۆلد داڵ نەرویجی بوو، بەڵام لە بەریتانیا لە دایك ببوو، هەرلەوێش خوێندنی تەواو کردووە. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بۆ کارکردن لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی **شێل** چووە بۆ ئەفریقا. لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، وەك فرۆکەوانی جەنگی چۆتە ناو هێزی ئاسمانی بەریتانیا و لە لیبیا و یۆنان و سوریا خزمەتی کردووە. دوای ماوەیەك لە واشینگتۆن بە پلەی یاریدەدەر(جێگر)ی پەیوەندیی کاری سیاسی، لە هێزی ئاسمانی دا دەست بەکار بووە، هەر لەو کاتەشەوە خەریکی نووسینی کورتە چیرۆك بووە، کە ناوبانگێکی زۆری پێ دەرکرد. رۆلد داڵ بە شێوەیەکی کۆمێدی و جوان، لە کەش و هەوایەکی تێکەڵ بە خەیاڵ و راستی و خوازراو، باسی پرسەکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی نەوەی نوێ دەکات. شێوازی نووسینەکانی زۆر دەوڵەمەند و شادی بەخشن. چیرۆکەکانی ئاوایەکی توند و هێرشبەر، هاوکات شیرین و سەرنج راکێشیان هەیە، وشە بە وشە خوێنەر بە دوای خۆییاندا رادەکێشن. داڵ یەکێکە لە سەرکەوتووترین نووسەری کتێبی منداڵ و مێردمنداڵان. منداڵانی سەرتاسەری جیهان

بەرهەمەکانی ئەویان خوێندۆتەوە و، زۆربەی خەڵاتە بەناو بانگەکانی جیهان بەو بەرهەمانە بەخشراون.

بەرهەمەکانی ناوبراو بریتین لە: **چارلی و کارخانەی چکلێت**، **جادوگەران**، **ماتیلدا**، **سەفەری تەنیا**، **کۆخە زەبەلاحەکە**، **دەرمانی ئەفسوناوی**، **خێزانی جەنابی گەمژە**، **مام رێوی سەر سوڕهێنەر**، **ساڵی من**، **چارلی و گەورە بالآبەری شوشەیی**، **دێنی پاڵەوانی جیهان**، **دێوەزمەی میهرەبان**، **کوڕ**. تێکڕای ئەو کتێبانە لە لایەن چاپخانەی(**نشر مرکز**) بڵاوکراونەتەوە.

چاپخانەی(**نشر مرکز**) چوار کۆمەڵە کورتە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، کە بۆ تەمەنی گەورەترن، بە ناوەکانی: **ژنی خاوەن ماڵ**، **دوێنێ جوان بوو**، **خاتونەکەم**، **کۆترەکەی من**، **خزمەتکار**.

## ژانویه

کاتێك کوڕێکی بچکۆلانە بووم، بەلەمێکی بچووکم هەبوو لە تەنەکە دروست کرابوو( ئەو کاتە نایلۆن نەبوو)، بزوێنەرێکی قورمیشداری بچووکی پێوەبوو. کاتی خۆشوشتن گەمەم بە بەلەمەکەم دەکرد. رۆژێك کونێکی بچووك لە تەنیشتی بەلەمەکەم پەیدا بوو، و پڕی کرد لە ئاو و نقوم بوو. چەند هەفتەیەك دوای ئەو مەسەلەیە، هەر کاتێك لە ناو وانی حەمامەکە دا رادەکشام، دەترسام رۆژێك پێستی منیش وەکو بەلەمەکە کون بێت. دڵنیا بووم جەستەم پڕ دەبێ لە ئاو و نقوم دەبم یان دەمرم. بەڵام ئەو شتە هەرگیز رووی نەدا، منیش سەرم سوڕ مابوو لەو پێستەی کە تەواوی جەستەمی داپۆشیوە و ئاویش توانای دزە کردنی نییە.

مرۆڤ ئەگەر بەلەمێکی بۆ گەمەکردن هەبێ یا نەیێ، باشترین شوێن بۆ هەمووومان لە مانگی بەڵاو ناخۆشی، کانونی یەکەمدا، حەمامێکی گەرمە. دەمێکە خۆشی و شادی جەژنی کریسمەس تەواو بووە و مەکتەبیش بەم زووانە دەکرێتەوە.

لە راستیدا، جگە لەو چەند هەفتە ساردەی لە پێشماندان، شتێکی تر نییە چاوەڕوانی بین. ئەگەر بە دەست من بوایە، مانگی ژانویەم بە تەواوی لە رۆژمێر دەردەهێنا و، مانگێکی تری وەك جولایم لە جێگەی دادەنا.

هەمووومان، دوازدە مانگ لە ژێر ناونیشانی سالّێکدا ژیان بەسەر دەبەین و، دواتر کتوپڕ سالّێکی تر دێت. زۆر سەیرە، ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە کەمتر لە چرکە ساتێك روو دەدات. کاتێك کاتژمێر لە نیوەی شەوی سی و یەکی دێسەمبەر نزیك دەبێتەوە، ئێوە هێشتا هەر لە سالّی کۆندان. بەلاّم دواتر لە پڕ، یەك میلیۆنیمی چرکە سات دوای نیوەشەو، ئێوە لە سالّی نوێدان. بۆ من ڕاهاتن لەگەلّ ئەو گۆڕانە لە ناکاوە لە سالّێکەوە بۆ سالّێکی تر هەمیشە دژوارە و، لە تێکڕای رۆژەکانی مانگی کانونی دووەمی سالّی نوێ، لە سەر نامە، چەکە و کاغەزەکانی تر بەرواری کۆن دەنووسم. لە رۆژی لە دایکبوونیشدا کاتێك کە مرۆڤ ئەو رۆژە تەمەنی نۆ سالاّنە و رۆژی دواتر دەبێتە دە سالّ، هەر بەهەمان شێوەیە. سالّێك گەورەتر بوون شادی بەخشە، بەلاّم هاتنی لە ناکاو و هەروا کتوپڕ دەبێتە هۆی سەرسوڕمان.

ئێستا دێتەوە یادم ژانویە ئەو مانگەیە کە من بۆ یەکەم جار لە تەمەنی هەژدە سالّیدا لە لەندن دەستم بەکاری فەرمانگە کرد. مووچەکەم هەفتەی پێنج پاوند بوو. بە شەمەندەفەر لە کنت ئەو شوێنەی لێی ژیام، دەچووم بۆ شاری لەندن و لە وێستگەیەك بە ناوی **کانون ستریت** دادەبەزیم. هەر لەگەلّ دابەزینم لە شەمەندەفەرەکە، بە هەنگاوی خێراو شێتانە بە شەقامە قەلّەبالغ و بەفرینەکاندا

تێدەپەڕیم، تا زووتر بگەمە هۆڵە گەورەکەی بینای **کۆمپانیای شێل**، و بتوانم لە کاتی خۆیدا واتە کاتژمێر نۆی بەیانی هاتنم تۆمار بکەم. من یەکێك لە ئەندامانی گرۆپی بچووکی فێرکاری فەرمانبەری رۆژهەڵات بووم و، داوایان لێکردبووین زۆر جیدی بین و کات بە فیرۆ نەدەین. ئەگەر درەنگ هاتباین، بەرێوەبەریان ئاگادار دەکرد. ژەمی نیوەرۆ، بۆ خواردنی گۆشت و پەرداخێك ئاوی لیمۆ دەچووین بۆ ریستورانێك. کاتێك بە پیاسە کردن دەگەڕامەوە شوێنی کارەکەم، هەمیشە بەراستی هەمیشە، لە دوکانی ماست فرۆشی **کادبێری** بای دوو **پین** چکولیاتم دەکڕی و، پێش ئەوەی بگەمەوە شوێنی کارەکەم تەواوم کرد، بەڵام هەرگیز کاغەزەکەی کە بە رەنگی زیوی بوو فڕێم نەدەدا. هەر لە یەکەم رۆژی کارەکەمەوە کاغەزەکەم لە دەوری تۆپێکی زۆر بچووك ئاڵاند و لە داخیلەی مێزەکەم هاویشت. رۆژی دووەم، دووهەمین کاغەزی چکولیاتم لە دەوری کاغەزی یەکەم ئاڵاند. لەو رۆژە بە دواوە هەموو رۆژێ پارچەیەکم لەو کاغەزە لە دەوری تۆپە بچووکەکە دەئاڵاند. تۆپەکە وردە وردە گەورە بوو. لە ماوەی ساڵێکدا تۆپەکە بە ئەندازەی تۆپێکی تێنیس گەورە و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر قورس ببوو. کاتێك تۆپەکەم هەڵدەگرت، هەستم دەکرد قورسە وەك ئەوەی پارچە قوڕقوشمێك لە دەستم دابێ، وابزانم هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەو سەردەمە، واتە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر، ئەو کاغەزە زیویانەی لە چکولیاتیان دەئاڵاند ئەستورتر، بە واتایەکی تر زۆر باشتر بوو لەو کاغەزانەی کە ئێستا بەکار دەبرێن. من هەرگیز تۆپی کاغەزە زیوینەکەم بزر نەکرد، ئەو تۆپە هەر لەو کاتەوە کە

دەستم بە نووسین کرد، لەسەر ئەو مێزە کۆنەی لە داری کاج دروست کرابوو لە تەنیشت کورسی نووسینەکەم دانا. سەر مێزەکە پڕە لەو شتە سەیرو سەمەرانەی، سالآنێکی زۆریان خایاندوە تا گەیشتۆنەتە سەر ئەو مێزە. کاتێك لەسەر کورسی حەوانەوەکەم دادەنیشتم و ڕەشنووسەکەم لەسەر ئەژنۆم دادەنێم، دەتوانم تێکڕای ئەو شتە تێکەڵ و پێکەلآنەی سەر مێزەکەم ببینم.

بووکەڵەیەکی بەرازی ئاوی کە لە ئێسقانی نەهەنگ دروست کرابوو، چەند ئیسکیموو لە کەنەدا پێیان بەخشیم.

بەردێکی ئاسمانی کە بە ئەندازەی تۆپێکی گۆلف بوو.

پارچە ئینجانەیەکی نەخشێنراوی کۆن، کە کاتی زەوی کێلآنی لە مەزرایەکی یۆناندا دۆزرابۆوە.

بەردێك کە شێوەیەکی سەیرو سەمەرەی هەبوو، لە قەراغی رووبار لە تەکزاس دۆزرابۆوە و، سالآنێکی زۆر لەمەو پێش سوور پێستەکان دروستیان کردبوو. هەروەها یەکێك لە ئێسقانەکانی حەوزم (ئێسقانی سەرەوەی ران)، دوای ئەوەی دکتۆری نەشتەرگەر دەریهێنا و پارچەیەکی کانزایی لە جێگاکەی دانا، دایەوە دەستم و پێی وتم: بە کەڵکی هەڵگرتن دێ، چونکە گەورەترین ئێسقانی حەوزە کە تا ئێستا بینیومە.

سەر مێزەکەم (باسن) ی کانزایشی لێ بوو( کە پێی دەڵێن پرۆتیز)، ئەو(باسنە)یان جارێك لە ناو جەستەم هاویشتووە، بەڵام بە باشی کاری نەکرد و

دەبوایە بیگۆڕن. ئامێرێکی جوانە، لە ستیلێکی بریقەدار دروست کراوەو، لە خەنجەری تورکی دەچێ. سەرێکی ئەو شتە گۆیەکی فلزی بچووکی پێوەیە.

شوشەیەکیش لەسەر مێزەکەمە، پڕە لە پارچەی کڕکڕاگە، لە شلەیەکی تایبەتدان بۆ ئەوەی خراپ نەبن. ئەو کڕکڕاگانە نەشتەرگەرێکی تر لە بڕبڕەی پشتمی کردنەوە، دوای ئەوەی دەری هێنان، دای پێم.

هەروەها بەری درەختی کاج، من عاشقی بەری درەختی کاجم.

بەردێکی نەتاشراوی خڕ بە قەدەر یەك گندۆرە دەبێ، لە ناوەراستەوە دوولەت کراوە تا یاقوتەکەی دەرکەوێ کە رایەڵکەی شینی زۆر جوانی لەناو دایە.

شوشەیەکی دیکەشی لێیە بە شێوازێکی زۆر جوان و ناسك دروستکراوە، کە من لە داهێنانی دا یارمەتیدەر بووم. ئەو ئامێرە کاتی خۆی بۆ راکێشانی شلەی زیادەی ناو مێشکی ئەو منداڵانە بەکار دەهات، ئەو شلەیە جۆرێکە لە جەراحەتی ناو مێشك بە ناوی **هیدرۆسوفالی**(واتە کۆبوونەوەی ئاو لە ناو کاسەی سەر).

ئەستێرەیەکی بیابانی، لە راستیدا پارچە بەردێکی گەورەی شێوە کریستالییە بە رەنگی قاوەیی نزیك لە سوور، بەردێکی گڕن گڕن و خواروخێچە. ئەوەیانم لە سەردەمی جەنگ لە بیابانی لیبیا دۆزیبۆوە.

پارچەیەکی گەورەی عەنبەر لە ناو شوشەیەکدایە. ئەگەر بۆ ماناکەی لە فەرهنگی وشەدا بگەڕێن، دەبینن عەنبەر ئەو شتەیە کە لە ریخۆڵەی نەهەنگەوە دادەتزێ، بۆ ئەو کەسانەی بۆنی گران بەها بەرهەم دێنن زۆر بە سوودە. ئەو عەنبەرانە چەند پشکێنەری کەنار دەریا دۆزیبوویانەوە، کە ساڵانێکی زۆر لە

کەنارە دووردەست و زێوینەکانی زەریای ئارامدا، بە دوای ئەو مادە بە نرخ و سەرسوڕهێنەرەدا دەگەڕێن.

چەقۆیەکی زیوین بۆکردنەوەی زەرفی نامە، کە یادگاری باوکمە و دەسکەکەی لە قاوغی پشتی کیسەڵ دروست کراوە.

نەخشێکی کۆڵێنکاری زۆر نایابی کوللەیەکی سەوز، کە یەکێك لەو کەسانەی چیرۆکی ***کۆخی زەبەلاحی*** منی خوێندبۆوە، بۆی ناردم.

سندوقێکی نایلۆنی روون کە سندوقچەیەکی مۆزیکی لە ناودایە، هەر کات لە بەرامبەر خۆر دابنرێت، ئاوازی **گوڵی بەفر** دەچڕێ. ئەوە بە راستی ئەو ئامێرەی گەمە کردنە کە من بۆ لای خۆی رادەکێشێ. نە قورمیش کردنی دەوێ و نە باتری. تەنیا پێویستی بی تیشکی خۆرە تا مۆوزیکتان بۆ بژەنێ.

مۆدێلێکی بچووکی فرۆکەی جەنگی هوریکان، ئەویش کوڕێك کە کتێبی ***سەفەری تەنیایی*** منی خوێندبۆوە، بۆی دروستکردم.

پارچە بەردێکی زۆر جوان بە ریشالی یاقووت کە بە رەنگی سوور، سەوزو شین دەدرەوشایەوە. ئەو بەردەش مێرمنداڵێك بۆی ناردم کە لە شوێنێك دەژی بە ناوی **مینتابی** لە بیابانی ئوستراليا. لە ساڵی ١٩٨٩ کە لە ئوستراليا بووم بە تەلەفۆنی رادیۆیی لەگەڵ منداڵانی قوتابخانەیەکی بچووکی شاری مینتابی قسەم کرد. بەو کوڕەم وت: پێم بڵێ بزانم تاکو ئێستا یاقوتت دۆزیوەتەوە؟

وەلامی دایەوە: ئێمە تا ئێستا چەند یاقوتێکمان دۆزیوەتەوە.

وادیارە کوڕەکە هەر کە دەستی بەتاڵ بووە، ڕۆیشتووە بۆ سەر رووباری شار و ئەوەندە گەڕاوە تا ئەو بەردە لەرادەبەدەر جوانەی دۆزیوەتەوە. دواتر بە ناو نیشانی چاپەمەنی پوفین (PUFFIN) لە **مێلبۆرن** ناردوویەتی و، داوای لێ کردوون تا بۆ منی بنێرن. منیش بۆ سپاس کردنی نامەیەکم بۆ نارد.

لە ساڵی ١٩٤٠ واتە کاتی جەنگ، لە شاری مێژوویی **بابل** پارچە بەردێکم دۆزییەوە، کە بە ڕێنووسی بزماری لەسەری نووسرابوو. من لەگەڵ سێ فرۆکەوانی تر ئۆتۆمبێلێکی کۆنمان بە کرێ گرت و، چەندان کیلۆمەتر بە بیابانی عێراقدا ڕۆیشتین تا ئەو شارە بەناوبانگە ببینین. شارێکی سەیرو چۆل و هۆڵ بوو. خانووەکان و شەقامەکانی ئەو شارە، نزیکەی بیست مەتر لە خوار ئاستی زەوی بوون. لەسەر دیوارەکان نیگاری شێرو ئاژەڵە ئەفسانەیەکان هەڵکەندرابوو. ئێمە بە کەلاوە و شەقامە چۆل و هۆلەکاندا دەگەڕایین. من هەرگیز ئەو کەش و هەوا گوماناوی و سەر سوڕهێنەرەی ئەو شوێنە، لە بیر ناکەم.

دوایین شت کە لەسەر مێزە کۆنەکەم بوو، وێنەیەکی خێزانە میهرەبانەکەمە **لیسی**، هەروەها وێنەی یەکەمین نەوەم **سۆفی**.

لە کەش و هەوای دڵگیر و زستانەی ناو باخی ماڵەکەم، شتێکی رووناك دەبینم کە دەدرەوشێتەوە. یەکەمین کلۆی بەفر کە خەریکە دەبارێ.

# فێبرایەر

پرسیار لە خۆمان دەکەین، ئایا مانگی فوریە لە مانگی ژانویە باشترە؟ لە ڕوویەکەوە، بەڵێ. چونکە مرۆڤ دەزانێ ئەگەر ئەو مانگە تەواو بێت و بڕوات، بەشی هەرە ناخۆشی زستان تەواو بووە. لە لایەکی تر، ئەو مانگە هەندێ جار ناخۆشترین و ساردترین مانگی ساڵە. لای من مانگی شوبات لە کۆرسێکی خوێندن دەچێ و، هەمیشە ڕۆژان دەژمێرم ئاخۆ چەند ڕۆژ ماوە کۆتایی بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی ئەو مانگە، پێشهاتی خۆش و جوانیش هەن، کە لێرەو و لەوێ ڕوو دەدن. مرۆڤ چاوی بەو گوڵە زەردو بڵندانە دەکەوێ، کە لە سەر بڕکی فستەق خۆیان دەنوێن، هەروەها دەنگی قەلەڕەشەکان دەبیستێ، کە دەست دەکەن بە ئاواز خوێندن. ڕیشۆڵەکانیش لە شوێنی تایبەت بە خۆیان دەست دەکەن بە فڕین. من ئەو ڕیشۆڵە زیت و چاونەترسانەم خۆش ناوێ، چونکە هێلانەی باڵندەکانی تر تالان دەکەن. ئەوان لە مانگی نیسان بە دوای هێلانە شاراوەکانی **ڕەشیشە**[1]، قەلەڕەشە و باڵندە بچکۆلەکانی تر دا دەگەڕێن.

---

1 - فەرهەنگی باڵندەکان ل٥٧



دواتر یان دەچنە ناو هێلانەکان و هێلکەی باڵندەکان دەدزن، لەوەش خەراپتر بە دزیەوە چاودێری هێلکەکان دەکەن تا دەتروکێن وجوجکەکان دێنە دەر، دواتر خۆ لە هێلانەکان ڕادەکەن و جوجکەکان بۆ خواردن لەگەڵ خۆیان دەبەن. بۆ خۆم جارێکیان جوجکە ریشۆڵیەکم لە هێلانەکەی دزی، وماڵیم کرد و دوو ساڵ وەکو باڵندەیەکی دەستەمۆ بەخێوم کرد. هیچ کات لە قەفەزم ناویشت. پێویستی نەدەکرد. هەمیشە لە دەوروبەری باخەکە دەسوڕایەوە، وەکو توتی دەهات و لەسەر شانم دەنیشت. کاتێك دەچووم بۆ گەڕان، بۆ هەموو شوێنێك بە دوامەوە بوو و لەسەر سەرم دەسوڕایەوە. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستام، سەیرم دەکرد لەسەر پەنجەرە کراوەکەی ژوورەکەم هەڵنیشتووە. ئێوەش دەتوانن زۆر بە ئاسانی

ریشۆڵەیەك ماڵی بكەن، بەو مەرجەی هەر بە جوجكەیی بیبەن بۆ لای خۆتان، بەڵام هەرگیز نابێ بڕوای پێبكەن، چونكە لە ناكاو دەنوك لە شتی بریقەدار دەدات. جوتیارێكم لە **ئایلزبیری** دەناسی، كە ریشۆڵەیەك لەسەر دەستی دادەنیێ دەیەوێ فێری قسە كردنی بكات، ریشۆڵەكە كە بریقەی چاوی جوتیارەكە دەبینێ، بە دەنوكە درێژ و تیژەكەی دەنوكێك لەناو چاوی دەدات. جوتیاری داماو كە لە **گرندن ئاندروود** دەژیا، چاوی كوێر بوو. هەر لەبەرئەوە ریشۆڵەكەشی لە كۆڵ خۆی كردەوە.

جارێكیان لە مانگی فێبرایەر لە ناو باخەكە، كۆ گلێكی بچووك و نوێم دۆزیەوە كە هی **مشكە كوێرە**یێك بوو. من چێژ لە سەیر كردنی ئەو كۆگڵانەم وەردەگرم، كە مشكە كوێرەكان دروستی دەكەن. چونكە ئەو كۆگڵە بچووكانە، پێم دەڵێن چەند سانتیم خوارووتر گیانلەبەرێكی بچووك، سەرنج راكێش و بێ زیان سەرقاڵی ژیانی خۆیەتی و، لە تونێلەكاندا هەر سەرو خواریەتی و بە دوای خواردندا دەگەڕێ. بەڵام لە مانگی فێبرایەردا زۆر بە كەمی مشكە كوێرە تونێلی نوێ دەكۆڵێت. ئەوان پاییزان ئەو كارە دەكەن، چونكە لە مانگی ئوكتەبەر و نۆڤەمبەر، كاتێك هوا ساردتر دەبێ، كرمەكان و هەندێك لەو مێش و مەگەزانەی خۆراكی مشكە كوێرەن، لە ژێر خاكدان و مشكە كوێرەكان بۆ گرتنیان، دەست بە كۆلینی تونێلی نوێ و قولتر. دەكەن

ئەرێ هیچ شتێك لەبارەی مشكە كوێرەدا دەزانن؟ ئەوان ئاژەڵێكی سەیرن. شەرمن و بێ زیانن، تووكیان لە قەدیفەش نەرمترە. ئەوەندە ترسنۆكن، زۆر بە

کەمی لەسەر زەوی دەردەکەون. هەر یەکێك لەو مشکانە، لەو تونێلانەدا کەناڵێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە قوڵایی چاردە یا پازدە سانتیمەتری ژێر زەوی دایە. پەنجەکانی پێشەوەی ئەو بوونەوەرە بچووکە، لە بێڵ دەچێ و کۆڵینی تونێلی بۆ ئاسان دەکەن.



بەڵام ئەو کۆگڵانەی پێشتر باسم کرد ماڵەکەیان نییە. ئەوە تەنیا ئەو گڵە نەرمەیە، کە مشکە کوێرە بۆ هەڵکەندنی تونێل فرێیداوەتە دەرێ. ئەگەر ئێوەش تونێلێکی ژێر زەوی هەڵکەنن، ناچار دەبن گڵە زیادەکەی لە لایەك کۆبکەنەوە.

هەریەکێك لەو مشکانە، دەتوانێ لە کاتژمێرێکدا نزیکەی یەك مەتر تونێل هەڵکەنێت، سەرجەم نزیکەی نەوەت مەتر تونێل بۆ خۆی هەڵدەکەنێت، کە هیچ مشکێکی تر بۆی نییە بچێتە ناوی. مشکە کوێرەکان پێیان باشە بە تەنیا بژین. هەر یەکەیان لە کەناڵەکانی تونێلی تایبەت بە خۆی دا، شەوو رۆژ بە دوای خواردن دا دەگەڕێن. خواردنی مشکە کوێرەکان بریتیە لە کرم، مێش و مەگەز، هەزار پێ، سیسرەو قالۆنچە. سەیر ئەوەیە، ئەو مشکانە ناچارن هەموو رۆژێ بە قەدەر نیوەی قورسایی خۆیان، ئەو مێش و مەگەزە بە تامانە نۆشی گیان بکەن تا بە زیندوویی بمێننەوە. لەبەر ئەوە جیگەی سەرسوڕمان نییە، کە مشکە کوێرەکان بوونەوەرێکی هەمیشە سەرقاڵن. ئێوە خۆتان وێنای بکەن، بۆ بەکار هێنانی نیوەی کێشی لەشتان ناچارن چەندە خواردن بخۆن! پەنجا هەمبرگەر، سەت نان و کارتۆنێك چکولیات و شتی تر، هەموو رۆژێ و هەمیشە، هەر بیرلێکردنەوەشی حاڵی مرۆڤ تێکدەدات.

مشکە کوێرە هاوسەرێکی ئەوەندە میهرەبان نییە. لە وەرزی جووتبووندا زۆر بە ئاسانی، رێڕەوێکی ژێر زەمینی بەرەو تونێلی مشکە کوێرەی مێ دەکاتەوە، دوای جووتبوون دەچێتەوە شوێنی خۆی، مشکە مێیەکە بەجێ دەهێڵێ تا بەچکەکانی دەبێ و، هەر مشکە مێیەکەش بەخێویان دەکات. لە بیرتان نەچێ

هێندێك كەسیش هەن، رەفتاری مشكە كوێرەیان هەیە، بەڵام وا باشە لەوە زیاتر باسیان نەكەین.

من وەكو باخەوانێك، هەمیشە بە چاوی دۆست سەیری مشكە كوێرەم كردووە. چونكە مشك تێكڕای هەزار پێ، مێش و مەگەزو ئەو سیسرە و قالۆنچە نەفرەتیانە دەخوات. زۆربەی خەڵكی لادێیەكان دڕندانە دژی ئەو مشكە داماوانە دەجەنگن، تەنیا لەبەر ئەو كۆ گڵانەی مشكەكان دروستی دەكەن. ئەوان ئەو مشكانە بە شێوەی دڕندانەی جۆراوجۆر دەكوژن، بەكار هێنانی تەڵە، ژەهر، تەنانەت گازی ژەهراویش.

بەڵام من ئێستاكە رێگەیەكی ئاسانتان فێر دەكەم، كە مشكە كوێرە ناچار دەكات، باخ یا مەزراكانتان جێبهێڵێ. مشكە كوێرەكان توانای خۆ ڕاگرتنیان لە بەرامبەر هیچ دەنگە دەنگێكدا نییە. دەنگە دەنگ بە تەواوی بێزاریان دەكات. لەبەر ئەوە هەر كاتێك یەكێك لەو كۆگڵانە لە ناو باخەكەمدا ببینم، بوتڵێكی شوشەی بەتاڵ پەیدا دەكەم (دەوروبەری ماڵی ئێمە پڕە لەو بوتڵانە)، دواتر لە نزیك كۆگڵی مشكەكە لە ئەرزی ڕادەكەم، تا ئەو جێیەی تەنیا ملی بتڵەكە بە دەرەوە بێ. هەر كات با لەسەری بتڵەكە بدات، دەنگێكی هێواش و نەرم دروست دەبێ. ئەو دەنگە بە درێژایی شەوو رۆژ بەردەوام دەبێت، چونكە ناو باخەكەم بەردەوام كزەبای هەیە. دەنگی بەردەوامی بتڵە شوشەكە، كە رێك لەسەرەوەی تونێلی مشكەكە بێ، مشكە شێت دەكات و بە زووترین كات ناچاری دەبێ، بارو

بنەگەی کۆبکاتەوەو بڕوات بۆ شوێنێکی تر. ئەمە هەر گاڵتە نییە. بەراستی ئەم کارە کەڵکی هەیە. من هەمیشە ئەو کارە دەکەم.

مانگی فێبرایە، کە مێشولە مێیەکان کتوپڕ لە خەوی زستانە هەڵدەستن، تا لە زۆنگاوەکاندا گەرا دابنێن، مێشولە نێرەکان مردوون. ئەوان پاییزان دەمرن. تەنیا مێشولە مێیەکان بە خەڵکیەوە دەدەن. دەهێنێ شتێکی ئاوا لەبار و نوێ، لە یادگەی خۆتاندا هەڵبگرن.



## مارس

مانگی مارسم تا رادەیەك خۆش دەوێ. دەزانم ئەو مانگە لە وانەیە زۆر سارد بێ، بەڵام بە دەرکەوتنی نیشانەکانی بەهار لە هەموو شوێنێ، مرۆڤ دڵخۆش دەبێت. تا ناوەراستی مانگ کاتێك درەختەکان چرۆ دەکەن، رەنگێکی سەوزی کاڵ لەسەر زۆربەی پەرژینەکان بەدی دەکرێ و، درەختەکانی **بیدمشك** بە گەردێکی زەرد دادەپۆشرێن. دەبینی گوڵیلکەی زەعفەرانیش، زۆر جوان پۆل پۆل بە رەنگی سپی، زەرد و شین لە دەوروبەری باغەکە رواون. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە، وردە وردە وەرزی دروست کردنی لانەی باڵندەکان دەست پێدەکات. هەر لە پەنجەرەی ماڵەکەمەوە دەتوانم بە ئاسانی چوار پێنج هێلانە بەدی بکەم، کە باڵندەکان خەریکی دروست کردنیانن. لە هەیوانەکەوە جوتێك **قەلەرەشە** دەبینم، کە لە بەرزایی سێ مەترەوە هێلانەکانیان لەسەر درەختە هەڵپەردراوەکانی **سرخدار** دروست دەکەن. لە ژووری میوانەوە **توکانێك** (جۆرە باڵندەیەکی ئەمریکی یە) دەبینم، پووش و پەڵاش دەباتە دەوروبەری ئەو دارمێوەی بە دیواری رۆژئاوای خانوەکەدا هەڵکشاوە. هەر لەو شوێنەوە دوو

قالۆچەی شین دەبینم بە کونێکی بچووکی مەخزەنە تەختەکەی ناو باغەکەدا، هەر وەك پارو پێرار، دەرو ژوور دەکەن. لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە دوو بولبول لە قەراغ رووبارەکە دیارن، لە ژێر هێندێك پوش و پەلاش هێلانە دروست دەکەن، کە پتر لە کونێك دەچێ نەك هێلانە.



کاتێك کوڕێکی بچکۆلە بووم، عاشقی کۆ کردنەوەی هێلکەی باڵندەکان بووم. دەزانم ئێستا قەدەغە کراوە، بەڵام ئەو کاتە هەموو کوڕێکی لادێیی بۆ کۆ کردنەوەی ئەو هێلکانەوە خۆیان خەریك دەکرد. کاتێك بەدوای هێلکەی باڵندەکاندا دەگەڕام، بە کەوچك هەڵم دەگرتن تا هێلکەکانی تر بۆنی مرۆڤ نەگرن. چونکە لە وانەیە ببێتە هۆی ئەوەی دایکی باڵندەکان هێلانەکەی بە جێ بهێڵێ. بۆ دەرهێنانی ناو هێلکەکە، بە درەوشەیەکی باریك وناسك کونێکی زۆر بچووکم لە هێلکەکە دەکرد، و دواتر بۆریەکی باریکی ستیل کە سەرێکی خوار ببۆوە لە ناو کونەکەم ڕاکرد و، زۆر بە جوانی سپێنە و زەردێنەی هێلکەکەم لەو کونەوە هەڵمژی، ئەم کارە زۆر زانایانە بوو. ئەوانەی ئەزموونی هێلکە کۆکردنەوەیان هەیە هەرگیز دوو کون لە هێلکەیەك ناکەن، تەنیا کونێك بەسە. دۆلابێکم هەبوو دەرگاکەی شوشە بوو، **دە** دانە داخیلەی هەبوو، هەر داخیلەیەك ژمارەیەك خانەی چوار گۆشەی تێدابوو، خانەی بچووك بۆ هێلکە بچووکەکان و خانەی گەورەش بۆ هێلکە گەورەکان. ئەو کارە بۆ کوڕێکی بچووك سەرقاڵیەکی شێتانە بوو، بە ڕای من ئەوە هەرگیز بە خەراپەکاری دانانرێ. راکێشانی یەکێك لە داخیلەکان و دیتنی سێ هێلکەی جۆراوجۆرو جوان، کە هەر یەکەو لە شوێنی تایبەت بە خۆی، لەسەر لۆکەی نەرم و پەمەیی جێی خۆیان خۆش کردبوو، زۆر خۆش و شادی هێنەرە. دەمتوانی بە باشی بە بیر خۆمی بێنمەوە، کە هەر یەکێك لەو هێلکانەم چۆن و لە کوێ دۆزیونەوە.

هێلکەی سەرنج راکیشی بولبول، کە ڕەنگەکەی سەوزێکی زەیتونی تۆخە، ئێوارەیەك لە خوارەوەی داربەرووێك لە نزیك گەورە کلیسای **لەنداف**، لەگەڵ چوار هێلکەی دیکەدا لە ناو هێلانەیەکدا دۆزیمەوە. هێلکەی **گیلە مات** بە ئەندازەی هێلکە مریشکە، بە ڕەنگی

شینی ئاسمانی و وردەخالّی رەشی لەسەرە، دوای ئەوەی لە دورگەی **کالدی** دوور لە کەناراوی **پامبروکشایر** دۆزیمەوە، کە دەمویست بە هەلّدێرێکی ترسناکدا بێمە خوارێ بە درێژایی هەورازەکە هێلکەکەم لەناو دەمم هاویشتبوو. هێلکەی شاهین و بازی خۆلّەمێشی و دالّاشم لەسەر درەختە بەرزەکان هەلّگرتووە، کە مەترسی کەوتنەخوارەوە و مردن و شکانی دەست و پێی هەبوو. ئەگەر بمانەوێ باسی ئەو هەموو شتانە بکەین سەرتان دێشێت، چونکە لە کۆتایی کارەکەمدا سەت و هەفتاو دوو هێلکەی بالّندەم کۆکردبۆوە. بەلّام ئەو هێلکانە هەموویان هی بالّندە جۆراوجۆرەکان نەبوون. یازدەیان تایبەت بە چۆلەکەی ناومالّان بوون. هەر یەکە لە رەنگێك. هێلکە مریشکێکم هەبوو خڕ بە قەدەر هەلّماتێکی گەورە. بچووکترینشیان هێلکەی **پند** بوو. وابزانم گەورەترینیان، هێلکەی بالّندەیەکی ئاوی سەرپشت رەشە.



لە کۆتایی ئەو مانگەدا، خاڵخاڵۆکەکان دووبارە دەسدەکەنەوە بە فڕین و، مرۆڤ تێدەگات کە هەموویان دوو جۆر خاڵخاڵۆکەی خاڵدارن. **پەپولە تاوسی** و **پەپولە کیسەڵی** لە خەوی زستانی هەڵدەستن و، دەگەڕێن بە دوای ئەو گوڵانەدا کە زوو پێدەگەن. مێشەکەرەو مێشە هەنگوینیش کە لە خەوراپەڕین، بە دوای گەردی گوڵ و بەدەوروبەری گوڵی زەعفەراندا دەفڕن. باسی گوڵی زەعفەران کرا، ئایا دەزانن گرانترین خواردەمەنی لە دونیادا لە رووی کێشەوە ئەو زەعفەرانەیە؟ زەعفەران پۆدرێکی نارنجییە، کە بۆ جوانکردن و بۆن خۆش کردنی برنج و کێك بەکار دێت، چونکە بۆنە تایبەتەکەی زەعفەران زۆر توند نییە، ژمارەیەکی کەممان توانیومانە تامە راستەقینەکەی بچێژین. ئێمە رەنگە جوان و خۆشەکەی زەعفەران لە برنج دا دەبینین، بەڵام هەندێ جار ئاگاداری تام وبۆنەکەی نین. خەڵکێکی کەم دەتوانن بەو رادەیە زەعفەران بەکار بێنن، کە هەست بە تامەکەی بکەن. بۆچی زەعفەران ئەوەندە گرانە؟ لەبەر ئەوەی لە گەڵای وشك و نارنجی و زەردی گوڵی زەعفەران (گوڵی زەعفەرانی پاییزی) دروست دەبێ، کە زۆر لە گوڵی زەعفەرانی بەهاری لای خۆمان دەچێ، بەڵام ئەو زەعفەرانە پاییزان گوڵ دەردەکات. بۆ دروست کردنی یەك ئۆنس( نزیکەی ٣٠ گرام)، گەڵای(لکی ناسك و باریك، داپۆشراوە بە گەرد لە ناوەراستی گوڵەکەدا) یەکجار زۆری زەعفەران پێویستە. جاران زەعفەران بە زۆری لە دۆڵی زەعفەرانی ویلایەتی **سکاس** بەرهەم دەهات، ئەو جوتیارانەی بەرهەمیان دەهێنا بە زەعفەرانییەکان ناسرابوون. ئێستاکە زەعفەران بە شێوازی بازرگانی لە ئیسپانیا، باشوری فەرانسە، دورگەی

سیسیل، ئێران و کشمیر دەچێندرێ. زەعفەران سەدان ساڵە بە گیایەکی بە نرخ ئەژمار دەکرێ. لە مێژوودا نووسراوە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ئالمانیا، دوو پیاو بە هۆی تێکەڵکردنی مادەی تەزویر لەگەڵ زەعفەران و فرۆشتنی لە ناو بازار، وەك سزایەك بە زیندوویی سوتێنران. ئێستاش کێکی زەعفەرانی، لە ناو خەڵکی **کورن واڵ** خوازیاری زۆری هەیە. لەگەڵ ئەوی کە کێکی زەعفەرانی رەنگێکی زەردو جوانی هەیە، بەڵام هێشتا من نەمتوانیوە لە ناو ئەو کێکەدا تامی زەعفەرانەکە بکەم. هەر چییەك بێ نرخی یەك ئۆنس پۆدری زەعفەرانی بێ خەوش چەند ئەوەندەی خاویار یا ماسی برژاو یا جگەری کوتراوی قازە.



# ئەپریل

ئێستاکە دەتوانین بڵێین بەهار هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا باڵندە کۆچەرەکان پۆل پۆل دەگەڕێنەوە، باڵندە بچووکەکانی مانگی رابردوو، لەگەڵ سارد بوونی هەوا بەرەو وڵاتانی گەرمەسێری باشور کۆچ دەکەن. زۆربەیان تا ئەفریقای باکور دەفڕن. لێم مەپرسن کە چۆن رێگەی هاتووچوونیان دەدۆزنەوە، چونکە ئەوە یەکێکە لە رازەکانی سروشت. باڵندە کۆچەرەکان، کەناری، سەیرەی کەسك، سەیرەی زەرد، **گردنسپی ، مرغ ئاواز خوان، کوندەرۆماڵ، پۆپنە رەش، پەرەسێلکە، کەناری** ئەوروپایی، و کۆمەڵێك باڵندەی تر. هەر کە گەیشتن جووتی خۆیان دەدۆزێتەوە و خەریکی دروستکردنی لانە دەبن.

جەژنی پاك لەو مانگەدا ئەنجام دەدرێ و کۆرسێکی تری خوێندن کۆتایی دێت. کاتێك منداڵ بووم دایکم هەمیشە بۆ جەژنی پاك هەموومان، واتە هەر شەش منداڵەکانی دەبرد بۆ کەناراوی شاری **تێنبای** و، خانوویەکی بە ناوی کۆلیت لە بەندەرە کۆنەکە بە کرێ دەگرت. کاتێك ئاوی دەریا هەڵدەکشا، شەپۆلەکانی دەریا بەر یەکێك لە دیوارەکانی ماڵەکە دەکەوت. ئێمە عاشقی **تێنبای** بووین. لە کەناراوەك سواری

گوێدرێژ دەبووین و لەگەڵ سەگەکانی سەرەوەی هەڵدێری بەرامبەر دورگەی **کالّدی،** دەچووینە گەشت و دەگەڕایین. ئەو ناوە پڕ بوو لە گوڵی مێلاقە. لەسەر تاشە بەردەکان بەدوای سەدەفی دەریایی دا دەگەڕایین، دەمان بردنەوە ماڵێ، دوای کولاّندن گۆشتەکەمان بە دەرزیەکی خوار دەردەهێناو، بۆ ژەمی ئێوارە لەگەڵ نان ورۆنە کەرە دەمانخوارد. بۆ **جەژنی پاك** هەموو ساڵێ بە بەلەمێکی ماتۆردار دەرۆیشتین بۆ دورگەی **کالّدی،** کە پەرستگایەکی بە ناوبانگی هەیە. پێیان راگەیاندبووین، ئەو پیاوە ئایینیانەی لەوێ خزمەت دەکەن، سوێندی بێدەنگیان خواردوە و ناتوانن لەگەڵ هیچ کەس، تەنانەت لەگەڵ یەکتریش بدوێن. ئێمە لەو پیاوە بێدەنگ و بۆر و رەنگ زەردانەی لە مەزرا کاریان دەکرد ڕادەماین، لە خۆمان دەپرسی: چۆن دەبێ مرۆڤ تەنیا لە کاتی دوعا کردندا نەبێ لەگەڵ کەس نەدوێ.



دێتەوە یادم هەر چەند ئەو کاتە تەمەنم کەم بوو، بیرم دەکردەوە کە ژیانی ئەوانە دەبێ چەندە ناخۆش بێ؟ لە خۆم دەپرسی: ئایا ئەوانە کە بۆ ڕاکردن لە تێکڕای ناخۆشی و خەم و مەترسیەکانی دونیا، بەو شێوەیە خۆیان نیشان دەدن، بەراستی شایانی ڕێز لێگرتنن. بیرم دەکردەوە ئەوانە ئەگەر خزمەتی نەخۆشانیان کردبا یان کارێکی خێریان ئەنجام دابا، مەسەلەکە جیاواز بوو، بەڵام بەو شێوەیە نەبوو. ئەوانە تەنیا لە مەزراو باغەکانیاندا کاریان دەکرد، بۆن و گوڵاوی گوڵەکانیان دەگرت و لەو دوکانە بچووکانەی کەناراوەکەدا، بە گەشتیارانیان دەفرۆشت، تەنانەت ئەو کاتەی بۆنەکانیشمان لێ دەکڕین، قسەیان لەگەڵ کەس نەدەکرد.



## مەی

هاوین بە تەواوی نزیك ببۆوە. هەروەها دەسپێکردنی کۆرسێکی خوێندنیش. کوڕان زۆربەیان یاری کریکت یان دەکرد، بەڵام نازانم کچان لە هاویندا چ یاریەك دەکەن. بێس بۆڵ؟ نێت بۆل؟ لەوانەشە تێنس؟ بەڵام ئەگەر بەخت یاوەریان بێ و قوتابخانەکەیان شوێنی یاری تێنسی هەبێت. لەو ساڵانەی دواییدا لە بەریتانیا، ئارەزووی بەرپرسان بۆ بایەخدان بە یاری منداڵان لە قوتابخانە، رۆژ بە رۆژ کەمتر بۆتەوە، منداڵەکان تەنیا بۆ ڕاکردن دەبرێنە دەرەوە تا لە مەترسی ئاژاوە نانەوە رزگاریان بێت. ئەمەش نیگەرانم دەکات، چونکە من هەموو وەرزشەکان، چ منداڵەکان یاری باش بکەن یان نا، بە خولقێنەری زۆر گرنگی کەسایەتی ئەژمار دەکەم. وەرزش، مرۆڤ فێری جوامێری دەکات، هەروەها فێرمان دەکا چۆن دۆڕاوێکی باش بین و زۆر شتی تریش. دەرسەکان و تاقیکردنەوەکان هەموویان باشن. بەڵام جگە لە زیرەکی و فێربوونی دەرسەکان، زۆر شتی تریش لە ژیاندا هەن.

ئەگەر من بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك بام، تۆڕێکم بۆ فێربوونی یاری گۆڵف دەچەقاند و، دەرفەتم بۆ هەموو کوڕ چ کچان دەرەخساند، تا هەندێك شت لەمەڕ یەکێك لە خۆشەویستترین یاریەکانی جیهان، فێر بن. من لە نۆ ساڵیدا یاری گۆڵفم دەکرد. سەرەتا دارێکی کۆنی گۆلفم هەبوو. لە ناو باغەکەمان پارچە

گونییەکی گەورەم دانابوو، تۆپەکانی گۆڵفم دەگرتە ئەو گونیە. کتێبێکی فێربوونی گۆڵفم کڕیبوو دەستم کرد بە فێربوون. کە تەمەنم بوو بە دە ساڵ، زۆربەی پشووەکان من و **ئالفیدی** خوشکم، دارەکانی گۆڵفمان دەخستە سەر شان و بە سواری پاسکیل دەچووین بۆ نزیکترین گۆڕەپانی یاری گۆڵف، کە شەش میل لە ماڵەکەمان دوور بوو. دوای تەواو بوونی یاری بە پاسکیل دەگەڕاینەوە ماڵێ. ئەو کات ئابوونەی مافی ئەندام بوونی یەك ساڵ بۆ گەنجەکان، پاوندێك بوو. وا بزانم تا ئێستاش زۆربەی یانەکانی گۆڵف، ڕێگە دەدەن مێرمنداڵان بە پارەیەکی کەم ببن بە ئەندام. من بە راستی لە یاری گۆڵفدا شارەزا ببووم، کە بوومە حەڤدە ساڵان، بێ هەڵە یاریم دەکرد. دواتر بۆ گەشت و گەڕان بۆ هەر شوێنێکی ئەم جیهانە چووبام، پرۆڤەی گۆڵفم دەکرد. لە تانزانیا، میسر، سیرالیون، فەرانسە، ئەمریکاو خوا دەزانێ لە چەند وڵاتی تریش، یاری گۆڵفم کردووە. لە دارالسلام لە کاتی یاری کردن دەبوو ئاگاداری مارەکانی کوبرا بین. لە گۆڕەپانێکی وەرزشی وڵاتی کینیا، ڕێگەمان پێدرا تۆپی گۆلف لە شوێن پێی کەرگەدەنەکان هەڵگرین، لە لاگۆس(**نیجیریا**) هەر کە دەمانویست تۆپەکە هەڵبدەین، میمونەکان عەنبەی کالێیان پێدادەداین. زۆر خۆش بوو.

بە درێژایی مانگی مایس، دوایین کۆچبەرانی هاوین واتە بادقپك (جۆرە باڵندەیەکی بەرزەفڕی مێش و مەگەز خۆر) و مریشکە کێوی لە ئەفریقاوە دەگەنە ئێرە. ئەو کاتەی زۆربەی باڵندەکان لە هێلانە خنجیلەکانیاندا لەسەر هێلکەکانیان هەڵنیشتوون، ئەو باڵندانەی زووتر کۆچ دەکەن وەك قەلەرەشە و رەشیشەکان، ئەوا

جوجکەشیان هەڵێناون. هەندێك لە جوجکەکان لە لانەکانیان هاتوونەتە دەرو لە ژێر دەوەن و پچکە گیادا دەبیندرێن، کە بە جیکە جیك بە دوای خواردندا دەگەڕێن.



مانگی مایس، مانگی **کۆترە نەخشینە**یە. با لەمەڕ ئەو باڵندە سەرسوڕهێنەرە و خووە ناپەسندەکانی بۆتان بدوێم. واباشە پێش هەموو شتێك بڵێم، کۆترەنەخشینە باڵندەیەکی کۆچەرە، ناتوانێ تا مانگی ئاوریل بگاتە ئەوروپا و دورگە بچووکەکانی بەریتانیا. تا سەرەتای پایز واتە ئەو کاتەی هەست بە سەرما دەکا، هەر لەوێ دەمێننەوە، دواتر بە درێژایی هەزاران هەزار کیلۆمەتر بەرەو باشور دەفڕن. کۆترەنەخشینە بە پێچەوانەی باڵندە کۆچەرەکانی تر، لە ئەفریقیای باکور ناوەستێ. دەفڕێ و دەفڕێ تا دەوروبەری هێڵی ئیستوایی، تا ئەفریقای باشور یان هەندێك جار دەگاتە ئاسیاو گینیای نوێش. هەر بۆیە

دەتوانێ ئەو گەشتەدوور و درێژە بکات، چونکە بە پێچەوانەی **چەورۆکە**، پەرەسێلکە و سەیرە، کۆترە نەخشینە باڵندەیەکی گەورەو بەهێز و خاوەن دوو باڵی پان و کلکێکی درێژن.



ئەو کەسانەی لە دەرەوەی شار دەژین، وادەی هاتنی کۆترەنەخشینەکان دەزانن، چونکە مرۆڤ دەنگی بەرزو سەیری کۆترەنەخشینەی نێر، کە زۆر لە قیژەی ئادەمیزاد دەچێ دەبیستێ. تارادەیەك دەڵێ: کوکو کوکو! و لە دووری چەند کیلۆمەترەوە دەبیسترێ، دەنگی سەیر و بەرزە پتر لە قاقای پێکەنین دەچێ، وەك ئەوەی لەو بەرزایەوە تێکڕای باڵندەکان وریا بکاتەوە.

ئێستا گوێ لە کارە ناپسندەکانی ئەو باڵندەیە بگرن. بە پێچەوانەی زۆربەی باڵندەکان، کۆترەنەخشینە بە دوای جووتدا ناگەڕێ تا بەیەکەوە بژین، کۆترەنەخشینەی

نێر و مێ، بە تەنیا دەفڕن و لێر و لەوێ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری خۆیان جووت دەبن. هەر بۆیە، لە جیهانی کۆترەنەخشینەکاندا شتێك بە ناوی هاوسەر یان خێزان بوونی نییە. کاتێك کۆترەنەخشینەی مێ ئامادە دەبێ تا یەکەم هێلکەی خۆی دابنێ، تارادەیەك هێلکەکەی لە سەر زەوی رق و رووت دادەنێ، دواتر هێلکەکەی بە دەنوك هەڵدەگرێت و، بە دوای لانەی باڵندەیەکی تردا دەگەڕێ تا هێلکەکەی لێ دابنێت. تاکو ئێستا هیچ کۆترەنەخشینەیەك، خۆی بە دروستکردنی لانە و کورك بوون و تێر کردنی جوجەڵەکانییەوە ماندوو نەکردووە. کۆترەنەخشینەی مێ هێلکەکەی بە دەنوکیەوە دەگرێ، ئەوەندە بن پەرژین و پەرێزان دەگەڕێ، تا لانەی باڵندەیەکی تر بدۆزێتەوە هێلکەی تێدابێ، ئینجا بە هێواشی هێلکەکەی لە نێو هێلکەکانی هێلانەی باڵندەیەکی تر دادەنێت و دەفڕێ. دەڕوات و هەموو شتێك لەبیر خۆی دەباتەوە.

کۆترەنەخشینەکان لەبەر هۆیەکی نەزانراو، زۆر جار لانەی چۆلەکەیەکی ناو پەرژین هەڵدەبژێرن. لە لای من هێلکە چۆلەکەی بن پەرژین، خۆشەویستترین هێلکەی باڵندەیە. هێلکەیەکی شینی کاڵی ساف، بە بێ هیچ خاڵێك، بەڵام هێلکەی کۆترەنەخشینە گەورەتر، ڕەنگی قاوەیەکی خاکی و خاڵەکانی تۆخترە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کاتێك چۆلەکەی دایك دێتەوەو بۆ ناو لانەکەی و، چاوی بەو هێلکەی قاوەیی و پیسەی کۆترەنەخشینە دەکەوێ، کە لە نێو هێلکە شین و جوانەکانی خۆیدا، جێگای خۆی خۆش کردووە، بە رواڵەت هیچ گرنگیەکی پێنادا، دەڕوات و لەسەر هێلکەی کۆترەنەخشینە و هێلکەکانی خۆی دەکەوێت.

کاتێك هەموو هێلکەکان دەتروکێن و جوجکەکان دێنە دەرێ، چۆلەکەی دایکانە نازنانێ چ شتێك روودەدات. هێندێك جار چوار یا پێنج هێلکە هی خۆیەتی، لەگەڵ هێلکەیەکی کۆترەنەخشینە. کاتێك جوجەڵەکان لە هێلکەکان دێنە دەر، باوك و دایك هەردووکیان خواردن دەدەن بە جوجەڵەکان، بە هەمان شێوە بە جوجکە ناشیرینەکەی کۆترەنەخشینەش! لە بیرتان نەچێ جەستەی یەك کۆترەنەخشینەی پێگەیشتوو، سێ هێندەی چۆلەکەیەکی بن پەرژینە، هەر لەبەر ئەوەشە جوجکەی کۆترەنەخشینە، خێراتر و سێ ئەوەندەی جوجکە چۆلەکەکان گەورە دەبێ. دواتر کوشت و کوشتار دەست پێدەکات. کە جوجکە کۆترەنەخشینەکە گەورە بوو، جوجکە چۆلەکەکان یەك لە دوای یەك لە لانەکە فڕێ دەداتە دەرێ تا بمرن، لە کۆتاییدا ئەوەی دەمێنێتەوە، جوجکەی زەبەلاح ، تووکن و رەزاگرانی کۆترەنەخشینەیە، کە هەموو لانەکەی داگیر کردووە.

ناخۆشترین شت ئەویە، تا دوای ئەو کارەساتەش دایك و باوکی جوجەڵەکان، بە رواڵەت بێ ئاگان لەوەی کە روویداوە و بەردەوام خواردن دەدەن بەو دڕندەیە، شەو رۆژ هەوڵدەدەن تا خواردنی تەواو بۆ جوجکە کۆترەنەخشینەکە دابین بکەن. تا بەو ئەندازەیە گەورە دەبێ و دەتوانێ لە لانەکەی بێتە دەرو بفڕێ. دواتر کۆترەنەخشینەکە بێ هیچ سپاس کردنێك دەفڕێت و دەڕوات.

هەر لەبەر ئەوەیە دەڵێم کۆترەنەخشینە ناپسندترین باڵندەی ئاسمانە. ئەو باڵندەیە لەوە تەمبەڵ و تەوەزەلترە لانەیەك بۆ خۆی دروست بکا و خواردن بدات بە جوجکەکانی، هەر کۆترەنەخشینەیەك هێلکەیەکی کوشندە لە ناو لانەی چۆلەکەکان

دادەنێ و دەفڕێ و دەڕوات. هەر کۆترەنەخشینەیەکی مێ لە هەر وەرزێکدا، نزیکەی دوازدە هێلکە دەخاتە ناو دوازدە هێلانەی جیاجیا. زۆر سەیرە، کۆترەنەخشینەکان هەمیشە جۆرێکی تایبەت لە باڵندەکان هەڵدەبژێرن. لە ناو دارستان و پەرژینەکان، هەر وەك پێشتر وتم، چۆلەکە بەدبەختەکانی بن پەرژین هەڵدەبژێرن، بەڵام لە ڕاوگەکان هێلانەی باڵندەی هەنجیرخۆری بێستان و باڵندەی هەنجیر خۆری درەختی هەڵدەبژێرن.



هەر کۆترەنەخشینەیەکی میێ، لە هەر وەرزێکدا نزیکەی دوازدە هێلکە دادەنێ و بەم شێوەیە دەبێتە هۆی لە ناو چوونی شەست جوجکە باڵندەی تر، کە بە هۆی کەوتنە خوارەوە لە لانەکان دەمرن. تەنانەت خراپترین مرۆڤیش لە جیهاندا ناتوانێ هێندە خراپ بێت.

سەرەتای مانگی مایس، درەختەکانی **راش و زمانی چۆلەکە**، وردە وردە پەلوپۆ دەردەکەن و سەوز دەبن. ئەو درەختەی بە درەنگەوە گەڵا دەردەکا، درەختی چناری لەندنە. ئەوانە ئەو درەختانەن کە لە هەر دوولای شەقامی شارە گەورەو بچووکەکان بە ریز چەقێندراون، وا دێنە بەرچاو کە نیوەی تویکڵەکەیان هەڵکەندراوە. جوانترین درەختی کاج لە گۆڕەپانی **برکلی** دەبینرێ.

لە مانگی مایس، گڵۆوکی گۆیژ پەرژینەکان دادەپۆشێ، بە جۆرێك کە ئادەمیزاد هەست دەکات بەفریان بەسەردا باریوە. گوڵی لالە بەرەبەرە شین دەبێ. کە منداڵ بووم، ریشەی لالەکان کە وەك سەلکە پیوازێکی سپیە، دەرم دەهێنان و دەمجوین. زۆر تیژو ناخۆش بوو، وەکو گیای خەردەل. پەرەسێلکە و تەیرە عەبابیلەکان لە هەموو شوێنێك خەریکی دروستکردنی هێلانەی قوڕو خوارو خێچن، لەکونە دیواری ماڵەکان رێك لە ژێر سوێ بانەکان و، پەرەسێلکەکانیش دروست لە بن میچی خانوەکان، هێلانەکانیان دروست دەکەن. ئێمە جووتێك پەرەسێلکەمان هەیە، شەش ساڵە هێلانەکەیان لەسەر کۆڵەکەی بن میچی ژووری زەخیرەیە، هەموو ساڵێ لە هەمان شوێن و هەمانکاتدا، ئەو هیلانەیە ئاوەدان دەکەنەوە. بە راستی لای من شتێکی سەیرە، کە چۆن ئەو پەرەسێلکانە پاییزان لەگەڵ بەچکەکانیان، هەزاران کیلۆمەتر بۆ لای باکوری ئەفریقیا دەفڕن و، شەش

مانگ دواتر بە هەمان ڕێگادا، دەگەڕێنەوە بۆ ژووری زەخیرەی ئێمە. بە ڕاستی ئەوە موعجیزەیە، تەنانەت زەیرکترین باڵندەناسانی جیهان هێشتا نەیانتوانیوە پێمان بڵێن کە چۆن ئەو کارە دەکەن.





## جوون

لەوانەیە بتوانین بڵێین لە رووی ئاو و هەواوە، مانگی جون واتە حوزەیرانی لێدەرچێ، مانگی خەرمانان لە هەموو مانگەکان خۆشترە. ئەگەر لە کەناری دەریا بین دەبینن باڵندە دەریایەکان لە هێلکەکانیان هاتوونەتە دەرێ. تاشە بەردی لێواری دەریا پڕە لەو جوجەڵە توکنانە. باڵندە دەریایەکان بە باڵندەی کۆچەر ئەژمار ناکرێن. ئەوان سەرتاسەری زستان لەگەڵ ئێمە بەسەر دەبەن، هەر لەبەر ئەوەشە یەکەمین باڵندەی دەریایین، کە لانە دروست دەکەن و بەچکەکانیان گەورە دەکەن. دەتوانین پەرەسێلکەی کۆچەری دەریاییش ببینن (ژمارەیەکی زۆر پەرەسێلکەی دەریایی جەمسەرەکان لە کەناراوەکانی بەریتانیادا دەبینرێن)، زۆربەیان لە دوای گەشتە دوورو درێژەکەیان و پێش دروستکردنی لانە، ماوەیەك لەو کەناراوانە دەمێننەوە و پشوو دەدەن.

ئەگەر لە دەریا دوور کەوینەوە، دورگەکەی ئێمەش پڕە لە باڵندەی جوان. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەن، بە بینینی ئەو هەموو باڵندە جۆراوجۆرانە سەرتان

سورِ دەمێنیٚ. کاتێك گوێتان لە دەنگی باڵندەیەك دەبیٚ، کە ئاواز دەخوێنیٚ یان جیکە جیکیٚ دیٚ، بگەڕێن و بیدۆزنەوە و هەوڵبدەن بیناسن.



دەهێنیٚ کتێبێکی بچووك لە بارەی باڵندەکان، بە وێنەی جوان و رەنگاورەنگ بۆ خۆتان دابین بکەن، تا یارمەتیدەرتان بێت. کتێبی بە سوود و جۆراوجۆر لەم بارەوە پەیدا دەبن. وەکو کتێبی دڵخوازی من *رێنوێنی باڵندەکانی **ئابزیرڤر***، کە بچووکە و لە گیرفاندا جێی دەبێتەوە. وابزانم دەتوانن کتێبێکیش بۆ ناسینی گوڵە کێویەکان پەیدا بکەن، هەروەها بۆ کارگی جۆراوجۆر.

لە مەزراکاندا دەتوانن پۆلی گەورەی پەپوسێمانە بە خۆیان و باڵە گەورەکانیانەوە ببینن.( خەڵکانێك بە سەربەکولاوناویان دەبەن) ئەوان لەسەر زەوی لانە دروست دەکەن و، ئەگەر لە جوجکەکانیان نزیك ببنەوە،

پەپوسێمانەکان ئەوەندە لەسەر سەرتان دەسوڕێنەوە تا بترسێن و لە جوجکەکانی دوور بکەونەوە، کە لە بن پچکە گژوگیا لە ترسان خۆیان مەڵاس داوە. لەم مانگەدا دەتوانن لە سەر رووبار و گۆماوەکان جوجەکە قازی قاوەیی و وردیلە ببینن، کە بە دوای دایك و باوکیاندا ریچکەیان بەستووە و مەلە دەکەن. ئەگەر زۆر لێیان نزیك بیتەوە، کە ئاگادارتان دەکەمەوە ئەو کارە نەکەن، قازە گەورەکان وەدەنگ دێن و باڵەکانیان بە نیوەکراوەیی و ئامادەن هێرش بکەنە سەرتان.

جون مانگی گوڵە ئەنگوستیلەیە. رەنگە بتوانین بڵێین ئەو گوڵە جوانترین گوڵی کێوییە. لەو گوڵە دەرمانێك بە ناوی دیجیتالیس دروست دەکەن، کە بۆ ئەو پزیشکانەی چارەسەری نەخۆشی دڵ دەکەن، زۆر بە سوودە. ئێستاکە لاسکی جۆیەکانیش لە مەزراکاندا بە تەواوی گەشەیان کردووەو گەورە بوون. وریا بن لەگەڵ گەنم و جۆی دووسەر لێتان تێکنەچێ. هێشوی گوڵە جۆیەکان درێژو باریکن و دەنکە جۆیەکانیان داپۆشیوە. ئەگەر ریشالێ یەکێك لەو هێشوانە، بخەنە ناو قۆڵی کراس یان قەمسەڵەکەت، برۆی و دەستت بجولێنی، هێشوەکە بە قۆڵەکەتاندا سەردەکەوێ و خۆی دەگەیەنێتە سەر شانتان.

لەو مانگەدا، سەرە مێکوتەی ناو گۆماوەکە، وردە وردە دەست و قاچ دەردەکن و، زۆر زوو دەبنە بەچکە بۆقێکی هەراش. تا لە یادم نەکردووە، با پێتان بڵێیم لەگەڵ بۆقەکان میهرەبان بن. ئەوانە دۆستی ئێوەن لە ناو باغەکاندا، هێلکە شەیتانۆکە ناحەزەکان دەخۆن و هەرگیز زیان بە گوڵەکان ناگەیەنن.

له مانگی جون له دەشت و بیابان شتی زۆر جوان هەیە. گوڵە سورە کاڵەکان بەو رەنگە پەمەییە جوانەیانەوە، لە سەر پەرژینەکان بە تەواوی پشکوتوون و لە هەموو شوێنێك گوڵی **تاج** دەبینرێ. ئەو گوڵانە سەرەتا سپین، بەڵام دوای ئەوەی زەرگەتەکان تۆویان بەسەردا کردن، دەگۆڕێن بۆ زەردێکی تۆخ. ئەگەر ئێوە لە شاردا بژین بۆتان بە داخەوەم، بە راستی هیچ کام لەو دیمەنە جوان و بە شکۆیانە نابینن. من لە هەموو ژیانمدا لە هیچ شارێکی گەورە و بچووکدا نەژیاوم و هەرگیزیش ناژیم.



## جولای

پێش تەواو بوونی ئەو مانگە، کۆرسە دوورو درێژەکەی هاوینیش تەواو دەبێ، پشووی هاوین دەست پێدەکات. بۆ هەندێکان دوایین ڕۆژی کۆرسی هاوین، دوایین ڕۆژی قوتابخانەیە، کە بۆ هەمیشە و لە ژیانی مرۆڤدا کاتێکی گەورەیە. بۆ من دوایین ڕۆژی مانگی جولای ساڵی **١٩٣٤** بەو شێوەیە بوو. بڕیار نەبوو بڕۆمەوە بۆ زانکۆ. سەرەتا بڕیار بوو بڕۆم بۆ گەشتێکی پشکنین بۆ **نیوفاوندلاند** و، دواتر یەکەم کارم لە گروپی کارمەندانی ڕۆژهەڵاتی کۆمپانیای نەوتی **شێل** دەست پێی بکەم. بەڵام پێش هەموو شتێك، دەبوو تا کۆتایی کۆرسی هاوین بەردەوام بم. منیش بۆ ئەوەی لە ماوەی کۆرسی هاویندا بێ تاقەت نەبم، بە هاوکاری مۆتۆڕێکی گازی کارێکی باشم ئەنجام دا.

مۆتۆڕە گازیەکەم زۆر زوو، دوای ئەوی بوومە شانزدە ساڵ کڕی. ماتۆڕەکەم **ئاریلێکی ٥٠٠ سی سی** دەستی دوو بوو( واتە نوێ نەبوو)، بیست و دوو پۆند لەسەرم کەوت. ماتۆڕێکی گازی گەورە، بەهێز و زۆر باش بوو، کاتێك لێم دەخوڕی هەستێکی سەرسوڕهێنەرو بێ هاوتای دەسەڵات و سەربەخۆییم پەیدا دەکرد، کە پێشتر هەرگیز

ئەو هەستەم تاقینەکردبۆوە. هەر شوێنێکم پێم خۆش با، ئاڕێلە بەهێزەکەم دەیبردم. پێشتر ناچار بووم بە پێ یا بە سواری پاسیکیل بڕۆم، یا سواری پاس یا شەمەندەفەر بم، کە زۆر ماندووی دەکردم. بەڵام ئێستا تەنیا کارێك کە دەبوو بیکەم ئەوە بوو، قاچێکم خستبایە سەر زینەکە و هەندلم لێدابا، و دەی با بڕۆیین. چەند ساڵ دواتر لە ماوەی جەنگدا، کە فرۆکە شەڕکەرەکانم وەحەوا دەخست، هەمان هەستەم هەبوو. بە کورتی، پلانەکەم ئەوە بوو بە نهێنی ماتۆرە گازیەکەم ببەم بۆ **ریپتۆن**، تا دوایین کۆرسی خوێندنم بە خۆشی بەسەر بەرم. بەم شێوەیە لە یەکەم رۆژی ئەم کۆرسە هاوینیە دا، ماتۆڕەکەم لە ماڵەوە واتە لە شاری **کێنت**ەوە سەت و پەنجا کیلۆمەتر لێخوڕی، تا گوندی **ویلمینگتۆن** کە سێ کیلۆ مەتر لە **ریپتۆن** دوورە. دوایی ماتۆرەکەم لەگەڵ جزمە، کڵاو، چاویلکەی تایبەت بە لێخوڕینی ماتۆڕ و باگیرەکەم، لای گەراجدارێکی میهرەبان دانا. ئەو رێگایەی مابوو تا بگەمە قوتابخانە بە جانتا بچووکەکەمەوە بە پێی رۆیشتم.

لە هەفتەیەکدا تەنیا دوانیوەڕۆی یەکشەممان بێ ئیش بووین، زۆربەی کوڕەکان دەرۆیشتن بۆ دەشت و دەر بۆ گەڕان و گەشت کردن. بەڵام من دوانیوەڕۆی یەکشەممانی دوایین کۆرسم، بە پێی بۆ گەشت کردن نەدەرۆیشتم. تەنیا تا ئەو گەراجەی لە ویلمینگتۆن بوو بە پێی دەرۆیشتم، ئەو شوێنەی، کە ماتۆڕە گازیە جوانەکەم لێ شاردبۆوە. لەوێ بە لەپێکردنی جزمە، لەبەرکردنی باگیرەکەم، لەسەر نانی کولاوی سەلامەتی و لە چاو کردنی چاویلکەکەم شێوەی خۆمم دەگۆڕی و، بە خۆشحاڵییەکی تەواو لە جادە سەرەکی و لابەلایەکانی **بیشایر** دا، بە ماتۆڕ دەگەڕام. لە هەمووی خۆشترو سەیرتر ئەوە بوو، دوانیوەڕۆی هەموو

یەکشەممەیەك، بەلانی کەمەوە جارێك بە ناو گوندی ڕیتۆن و، بە بەردەمی مامۆستاکانی قوتابخانە و نوێنەرانی لەخۆبایی دا، بە جلکی شۆڕ و کولاوی تایبەتی تەخروج، بەخێرایی تێدەپەڕیم. من بەو چاوێلکەوە کە نیوەی دەم و چاومی دادەپۆشی، هەستم دەکرد لە ئەمان دام. بەڵام هەرگیز لە بیری ناکەم، کاتێك بە سواری ماتۆڕ، سیمای ترسناکی دکتۆر **جفری فیشر**، بەڕێوەبەری قوتابخانەم لە بەرامبەر خۆمدا بینی، کە بە هەنگاوی درێژو ویقارەوە بەرەو ئەو کڵیسا بچووکەی گوندەکە دەرۆیشت، دڵم داخۆرپا.

کاتێك بە تەنیشتیدا تێدەپەڕیم تێمەوە ڕامابوو، بەڵام باوڕناکەم بەو هەموو هۆش و زیرەکییەوە، تەنانەت بۆ چرکەساتیکیش بە مێشکی دا هاتبێ، کە من یەکێکم لە قوتابییەکانی خۆی. لە بیرتان نەچێ ئەو سەردەمە لە قوتابخانەکانی وەك قوتابخانەی ئێمە هیچ روحم و بەزییەك نەبوو، بۆ هەڵەی گەورە ئەوەندە دارکارییان دەکردی، تا پشتت دەبوو بە یەك پارچە خوێن. خۆ ئەگەر بیانزانیبا، بە دڵنیاییەوە بەڕێوەبەر بە دەستی خۆی تانیوەمردووی دەکردم لێیدەدام، لەوانەش بوو هەر لە قوتابخانە دەرمبکات. لە بەر ئەوە ئەو ماتۆر سوار بوونەم وەدڵە کوتەی دەخستم. هەرگیز بە کەس، هەتا بە خۆشەویستترین برادەرەکەشم نەدەوت، کە دوانیوەڕۆی یەکشەممان بۆ کوێ دەچم. هەر چەندە تەمەنم زۆر نەبوو، بەڵام فێر ببووم رازێك کە رازبێ بە هیچ کەسێکی نەڵێم ، ئەو مەسەلەیە تا ئەمڕۆش گەورەترین راز بووە کە لە ژیانمدا هەمبووە.



بەلام ئێمە ئێستاکە لە مانگی جولای ئەمسالٚ داین، نە لە سالٚی **١٩٣٤**. ئەگەر وایە سەیرێکی دەوروبەرتان بکەن و ببینن لەو دەشت و دەرە چ روو دەدات. هێندێك لە بالٚندەکان، وردە وردە خۆیان بۆ کۆچە گەورەکەی پاییز ئامادە دەکەن. ئێوە لە وانەیە بە رێکەوت رشۆلەکانی کەناراوەکان ببینن، کە بە کۆمەلٚ لە دەوروبەری گۆماو و گۆلەکان کۆ دەبنەوە. هەندێك بالٚندەی ئاواز خوێن و گەردن سپی، کۆچەکەیان بۆ باشور دەست پێدەکەن. **تاقتاقی بۆر**[٢] و **مریشکە ئاویلکە**[٣] (جۆرە بالٚندەیەکی کەنار دەریایە)، کە لە جەمسەرەکانی گۆی زەویەوە دێن و لەسەر رێگای خۆیان بۆ ئەفریقا، لەو شوێنە دەنیشن. بەلٚام ریشۆلٚە مالٚیەکان هێشتا کۆچەکەیان دەست پێنەکردووە. هێشتا لە ناو لانە خوارو خێچ و قوڕینەکانی سەر دیواری مالٚان و ژێر سوێبانەکان، خەریکی گەورەکردنی بەرەی دووەمی جوجکەکانیانن. کە کۆتایی مانگ نزیك دەبێتەوە، لالەکان ئیتر لە هەموو شوێنێ نابینرێن، چونکە ئێستا گولٚە حاجیلە جێگەی ئەوانیان گرتۆتەوەو درەختەکانی **زمانە چۆلەکە** گولٚووکیان کردووە، بەلٚام هێشتا رەنگیان نەگۆڕاوە بۆ سوور و نارنجی.

نازانم لە پشووی هاویندا بۆ کوێ دەچن، بۆ **فەرانسا، ئیتالیا، ئیسپانیا** یا **یۆنان**. رەنگە ئێستاش هەر بۆ **نەرویج** یا کەناراوی رۆژئاوای **سکۆتلەند** کۆچ بکەن. کەناراوی **کۆرن والیش** شوێنێکی زۆر دلٚگیرە، ئەویش ئەگەر جێگای نووکە دەرزییە دەسکەوێ. لە سەردەمی لاوێتی دا، خۆئامادەکردن بۆ پشووی هاوین خۆشترین پێشهاتی سالٚە. هەر چۆنێك بێ هیوادارم پشوویەکی خۆشتان هەبێت.

---

2 
3



## ئۆگۆست

زۆربەتان لە باشترین کاتی ئەم مانگە لە پشوودان. کاتێك گەنج بووم، بۆ منیش هەر بەو شێوەیە بوو. هەموو ساڵێك، مانگی ئۆگۆست لەگەڵ ماڵەوەمان پشووەکەمان لە نەرویج بەسەر دەبرد. لە کتێبێکم دا لە ژێر ناوی خوازراوی **کوڕ**، هەندێکم شت لەم بارەیەوە نووسیوە، لەبەر ئەوە لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە. کە شازدە ساڵان بووم، بڕیارم دا چی تر دەست و پێ سپی نەبم و، بۆ پشووی مانگی ئۆگۆست بۆخۆم بە تەنیا بڕۆم بۆ شوێنێك. فەرانسام هەڵبژارد. کاتێك لە کەناڵی **داوێر** بەرەو **کالایس** تێپەڕ دەبووم، بیست و چوار پاوندم لە باخەڵدابوو. ئەوسا واتە ساڵی ١٩٣٣، ئەو پارەیە بۆ تێچووی گەشتەکە، بۆ بەسەر بردنی تەنیا دوو هەفتە پشوو، بەس بوو.( نرخی هەر پاوندێك لەو کاتەدا بیست هێندەی ئێستا بوو. بۆ نموونە چوار لیتر بەنزین ئەو کات دوو شیلینگ یا دە پێنس بوو).

لە **کالە** سواری شەمەندەفەری پاریس بووم. هەر لە پاریس جێگەیەکم لە شەمەندەفەری شەوانە بەرەو **مارسێی**، بە کرێ گرت. کە دەمویست بڕۆم بۆ ئەو شارە نیوە ئیستیوایییەی باشوری فەرانسا، هەستێکی نامۆم هەبوو. هیچ

بەرنامەیەکی ترم نەبوو. کورسیەکانی ئەو شەمەندەفەرە پلە سێیەی گرتبووم لە دار دروستکرابوون، سەرتاسەری ئەو شەوە لەبەر بۆن سیری هاوسەفەرەکانم، کە وەك گازێکی ژەهراوی بە دەورمدا بڵاودەبۆوە، خەوم لێنەکەوت. بەڵام هیچ کات دیمەنی دارخورماکان لەبیرناکەم، کە لەگەڵ هەڵاتنی رۆژ لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە دەمدیتن. ئەو دەشت و دەرە لە گەرمان بۆر هەڵگەڕابوو. دار خورماکان بە چڕی لە هەموو شوێنێك دەبینران، بەو قەدە روت و سەیرەو بەو کوڵاوە سەوزەی سەریان، پێیان رادەگەیاندم کە هاتوویتە ناو جیهانێکی نوێ.

کە گەیشتمە مارسێی نەمدەزانی بۆ کوێ بڕۆم. لەبەر ئەوە وتم هەر چی دەبێ بابێ، سواری پاسێك بووم بە جادەی لێواری دەریادا بەرەو **مۆنتی کارلۆ**. کاتی نیوەڕۆ بە تەواوی برسیم ببوو، لەبەر ئەوە لە شوێنێك بە ناوی **سانت جین کپ فرات**، لە پاسەکە دابەزیم. راوەستانم نەبوو، چونکە هەموو شتەکانم لە جانتایەکی بچوك ئاخنی بوو. قاوەخانەیەکم دۆزیەوەو قاپێکی گەورە سوپی ماسیم خوارد. سوپێکی زۆر خۆش و بە تام، چونکە لە جۆرەها ماسی و سەدەفی دەریای سپی ناوەراست دروست کرابوو. دواتر لە هوتێلێکی کۆن و بەرامبەر دەریا ژوورێکم بەکرێ گرت. هوتێلەکە هی پیاوێکی ئینگلیزی بوو، خۆی بە ناوی **کارۆتری گەورە** ناساند و کەمێکیش گوماناوی دەهاتە بەرچاو. دە رۆژ لەوێ مامەوە. بە تەنیا دەگەڕام، یەکەم جاربوو لە ژیانمدا بە تەنیا گەشت بکەم، لە بەیانییەوە تاك درەنگانی شەو، هەرچییەکم پێی خۆش با دەمکرد. بڕوا بکەن بۆ گەنجێك کە هەموو تەمەنی لە ماڵێکی خێزاندار، یا شەوو رۆژ لە قوتابخانەدا بەسەری

بردووە، هەستێکی نوێیە. یەکەم جار بوو تامی ئازادیم دەکرد و تێدەگەیشتم، کە گەورە بوون لە جیهانێکی گەورەدا چۆنە.



لەو رێیەوە کە پێیدا هاتبووم، گەڕامەوە بەریتانیا، بەڵام دوای ئەوەی کرێی کەشتی رۆیشتن لە **کالەوە** بۆ **داوێرم** دا، ئیتر هیچم پێنەما و باخەڵم بەتاڵ بوو. پارەیەکی زۆرم نەدەویست، تەنیا پارەی کرێی شەمەندەفەر لە داوێر تا ماڵەوەم پێویست بوو. نیوکاتژمێرم لە کەشتیەکەدا بە سەیر کردنی هاوسەفەرەکانم بەسەر برد، بە دوای دەم و چاوێکی میهرەباندا دەگەڕام، تا بتوانم چەند شیلینگێکی لێ قەرزکەم. لە کۆتاییدا پیاوێکی گونجاو و خڕکەڵەم دۆزییەوە کە پاییێ بەدەمەوە پاڵی بە مەحەجەرەی کەشتیەکەوە دابوو. پێم وت: کاکە داوای لێبوردن دەکەم.

پارەم پێی نەماوە. ئەگەر پیاوەتیم لەگەڵ بکەی و دە شیلینگم بە قەرز بدەیەی تا دەگەمەوە ماڵێ، بەڵێن دەدەم بدەمەوە. سەری سوڕاندو بە زەردە خەنەیەکەوە، کە دەوروبەری چاوی پڕ دەکرد لە چرچ و لۆچی ورد سەیرێکی کردم، جزدانێکی لە باخەڵی دەرهێناو دە شیلینگێکی قاوەیی و شەقی دامێ و وتی: بگرە: بۆ خۆت. ئەوە دیارییە، من بە ئەندازەی پێویست پارەم پێیە. لەوانەیە ئێوە بڵێین ئەوە کارێکی بچووك بوو، بەڵام ئەوە کارێك بوو، کە نزیکەی شەست ساڵە هەر لە بیرمە و فەرامۆشی ناکەم.

مانگی ئۆگۆست بۆ من لە بەریتانیا کەمێك بێزارکەرە. درەخت و گیاو گوڵ بەشی ئەمساڵ گەورە بوون و، سروشتیش پێش ئەوەی بە ئارامی بەرەو نەمان و زستان بڕوات، بێ جموجوڵ ماوەتەوە. دەشت و دەر رەنگی قاوەیی گرتووە و، لکی دارەکان بە زەحمەت بەرگەی قورسایی گەڵایەکانیان دەگرن. ئەو مانگە ئەگەر هەر نەبێت مانگی پەپولەکانە. پەپولەکان زیندەوری خۆشەویستن. هیچ زیانێکیان بۆ مرۆڤ نییە، نە پێوە دەدەن، نە گاز دەگرن و نە دەبنە هۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی. هیچ سوودێکیشیان نییە، بە پێچەوانەی کرمی ئاوریشم و زەرگەتە. پەپولەی گەورە و سپی یا پەپولەی کەلەم، تەنیا پەپولەیەکە کە دەبێتە هۆی گرفت و سەرئێشە، چونکە هێلکەکانی لەسەر کەلەم دادەنێ و، ئەو هێلکانەش دەبن بە کرمێکی دزێو و برسی.

سوڕی ژیانی پەپولە زۆر سەیر و سەرنج راکیشە. یەکەم جار، پەپولەکان گەرا دادەنێن دەکەن. ژمارەی هێلکەی گەرامان یەکجار زۆرە، زۆر جار دووسەت تا

سێ سەت هێلکەیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لەو هێلکانە بە زیندوویی دەمێننەوە. چونکە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵ، باڵندە، مشك، مارمێلکە، جاڵجالوکە و هەندیك مێش و مەگەزی تر، بە خواردنێکی باش ئەژمار دەکرێن.

دووەم، ئەو هێلکانەی بە ساغی دەمێننەوە دەبن بە کرم. ئەو کرمانە بە تامەزرۆوە دەست دەکەن بە خواردنی گەڵاکان، تا خۆیان بۆ قۆناغی دواتر ئامادە بکەن.

سێیەم، کرمەکان دەبنە قۆزاخە و بە درێژایی زستان خۆیان مت دەکەن، لە کۆتاییدا دەبن بە پەپولە و لە قۆزاخەکەیان دێنە دەر. بەو شێوەیە سوڕەکە تەواو دەبێ.

لێرەدا گرفتێك هەیە ئەویش ئەوەیە: هەموو جۆرە پەپولەکان لە کاتی قۆزاخەدا خۆیان مت ناکەن. هەندێکیان کاتێك کە هێلکەن، هەندێکی تر کاتێك کرمن، و جۆرێکی کەم لەوان- لە راستیدا شەش جۆر- ئەو پەپولانەن کە لە زستاندا خۆیان مت دەکەن.

بڕوا ناکەن بڵێم لان یکەم یەك جۆرە پەپولە هەیە کۆچ دەکات، ئەویش پەپولەی **وانیسا**یە. ئێوەش بە باشی دەیناسن. پەپولەیەکە نەخشی دوو چاوی سورو جوان لەسەر باڵەکانییەتی. پەپولەی وانیسا لە باشوری فەرانسا جووت دەبێ، دواتر ئەو بوونەوەرە جوان و ناسکە، لە سەرەتای هاوین ئەو هەموو رێگایە دەبڕێ تا دەگاتە بەریتانیا، لەوێ گەرا دادنێ و ئەو گەرایەش پێش تەواو بوونی

هاوین دەبن بە پەپولەی وانیسا. بەڵام هیچ کامێك لەو پەپولانە ناگەڕێنەوە فەرانسا. کە زستان هات هەموویان دەمرن.

کۆکردنەوەی پەپولە سەر گەرمییەکی زۆر خۆشە. سەبارەت بە پەپولەکان بۆ یارمەتیدانی ئێوە، کتێبی باش و خاوەن وێنەی جوان زۆرن. من دیسان زنجیرە ***کتێبەکانی ئابزێرڤرم*** پێی باشترە.

هەروەها مانگی ئۆگۆست کاتی لەدایك بوونی تولەماری سەوزە، کە لە جێگە پڕ چاڵ و بەرزی و نزمی دێنە دنیاوە. ئەو تولە مارە سەوزانە، لەژێر گەڵا رزیو و کۆ زبڵەکاندا سەر لە هێلکەکانیان دەردێنن. لەو مانگەدا ژیشکیش بەچکەی دەبێ. بەچکە ژیشکەکان هیچان چاویان نەپشکوتووە و ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن. لە کۆتاییدا و بە داخەوە ئەو مانگە کاتی هاتنی ژەنگە سوورەکانە، کە بە دوای بیانویەکەوەن بۆ پێوەدان و بە خەڵکێکی زۆرەوە دەدەن.



## سێپتەمبەر

من هەمیشە عاشقی ئەو مانگەم. کە دەچوومە قوتابخانە ئەو مانگەم لەبەر ئەوە پێی خۆش بوو، کە مانگی پێگەیشتنی شابەڕووەکانە. چنینی میوەی داربەڕو لە مانگی ئەگۆستدا بێ سوودە، چونکە هێشتا نەرم و سپین. بەڵام لە مانگی سپتەمبەردا، رەنگەکەیان دەبێتە قاوەیەکی تۆخ و گەش وەك ئەوی کەسێك وەبریقەی خستبن، مانای کاتی ئەوە هاتووە بە سەتڵ کۆیان بکەینەوە. لەم رۆژانەی دواییدا نامەیەکەم بۆ رۆژنامەی *تایمز* نووسی، کە منداڵان بەداخەوە ئیتر بە زەوق و خۆشی وەك جارانی من یاری شابەڕوو ناکەن. ئەو نامەیە بووە هۆی ئەوەی، لە لایەن منداڵانی لایەنگری ئەو یاریەوە، لێشاوێك نامەی نارەزایەتیم لە سەرتاسەری وڵاتەوە بۆ بێت. نزیکەی هەزار نامەم لە کوڕو کچانەوە پێگەیشتبوو. ئەوان لەمەڕ ئەو هۆگریە توندە نووسیبویان، کە هەیانە سەبارەت بەو وەرزش و کێبڕکێیەی، پاییزان لە سەرتاسەری وڵاتدا ئەنجام دەدرێ. چەندین پارچە رۆژنامەم بەدەست گەیشت، لە بارەی کێبڕکێ جیهانی پاڵەوانێتی یاری شابەڕوو لە **ئاشتۆن**، کە کەوتۆتە شاری **کمبریچێر**، کێبڕکێ پاڵەوانی شابەڕووی بەریتانیا کە لە **هنلی** ئەنجام دەدرێ. لەو نامانە تێگەیشتم تەواوی

له بەریتانیا بە یاریزانە بە گوڕو تینەکانی شابەڕووەوە، یاری شابەڕوو هێشتا هەر زیندووە. چەند کچیش بۆیان نووسیبووم، کە دەتوانن وەك کوڕەکان بە باشی یاری بکەن، منیش بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووم.

دیارە هەمووومان دەزانین کە شابەڕوویەکی نایاب، ئەو بەڕووەیە کە لانی کەم ساڵێك لە جێگایەکی وشك هەڵبگیرێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی بەڕوەکە بە باشی بگات، بە تەواوی پتەو ببێ و زۆر بە شکۆ و گەورە بێتە بەرچاو. لە راستیدا هێندێك لە یاریزانە تەمەبەڵەکان، ئەو رێبازە خێرایانەی وشك کردنەوەی شابەروو بە کاری دێنن. هەندێکیان یەك هەفتە لە سرکەیان دەهاوێژن. هەندێکی تر بەڕووەکان بە ئاگرێکی کەم بۆ ماوەی شەش کاتژمێر دەخەنە ناو فڕن. بەڵام بەڕوویەکی گەورەی راستەقینە ئەو شێوانە وەر ناگرێت. بەو رێگایانەدا هیچ کەسێك لە یاری شابەڕووە نەگەیشتۆتە پاڵەوانی جیهانی.

دەتوانم چەند کاتژمێر، لەمەڕ هەڵبژاردنی باشترین شێوەی یەك شابەڕووی تایبەت بە یاری، بدوێم. بۆ نموونە هەمیشە ئەو شابەڕوانە هەڵبژێرین، کە لێواری ساف و تیژیان هەیە، نەك شابەڕوی خڕ و گەورە. هەروەها دەتوانم لەبارەی سوودەکانی تایبەت بە بەکار هێنانی داوی ئەستور و باریك قسە بکەم. دەتوانم چەند لاپەرە لەبارەی رێگە جۆراوجۆرەکانی نیشانەگرتن، باشترین وەرچەرخانی کاتی لێدان، گرنگی بێ جوڵە ڕاگرتنی سەر، لە کاتی لێدان و چۆنیەتی رێك راوەستان، بنوسم. بەڵام ئێرە جێگەی ئەو باسە نییە. تەنیا ئەوەندە بەسە، کە بڵێم یاری شابەڕو یارییەکی زۆر خۆشە بۆ رۆژانی زستان و پێویستی بە لەسەرخۆیی و چاوی تیژە.



کاتێك نۆ ساڵان بووم ئامێرێکی ڕاهێنانی یاری شابەڕووم دروست کرد، شەش شابەڕووم بە داوێکەوە کردبوو، یەك بە دوای یەکدا دەم هاویشتن. وەك ڕاستییەك پێویستە بڵێین کە مرۆڤ لە هیچ وەرزشێکدا، **گۆڵف، تێنیس، سنوکر**، یان یاری **شابەڕوو** بە هیچ جێیەك ناگات، مەگەر بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو بە خەستی ڕاهێنان بکات. باشترین شابەڕوو کە هەم بوو، بەڕوی ژمارە ١٠٩ بوو. هێشتا دەتوانم ئەو بەیانییە زستانی و سارد و سەهۆڵبەندانەی گۆڕەپانی قوتابخانەکەمان وەبیرخۆم بێنمەوە، لە کێبڕکێیەکی توندا کە لانیکەم نیو کاتژمێری خایاند، سەرئەنجام شابەڕووی ژمارە ١٠٩ ی من بە شابەڕووی ژمارە ٧٤ی **پێرکینز** برادەرم، لەت لەت بوو. دوای ئەو پێشهاتە هەستم دەکرد بۆ خۆم پتر لە شابەڕوەکەم پارچە پارچە بووم.

مانگی سێپتەمبەر هاوکات مانگی کارگیشە. ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێ، کە بڵێم گەڕان بە دوای کارگە کێویەکاندا سەرگەرمیەکی دڵخوازی منە. هیچ شتێك تامی ئەو کارگە نادات، کە بە ئارامی لە ڕۆنە کەرەدا سوور دەکرێنەوە. لەگەڵ هێلکە و گۆشت خۆشتریشە. ئەوەی بەلامنەوە سەیرە ئەوەیە: دەتوانین بە بێ پارەو بە خۆڕایی ئەو کارگە بە نرخانە بەدەسبێنین. تەنیا دەبێ بزانی لە کوێ بە دوایاندا بگەڕێی. دەبێ بزانن کام مەزرایە کارگی هەیەو کامە نییەتی، چونکە کارگەکان گیایەکی سەیرو سەمەرن. لە مەزرایەکدا دەڕوێن و لە یەکی تردا ناڕوێن. ناشزانین بۆ چی وایە. بەڵام کاتێك لە وەرزی پایزدا، بە ئارامی لە ناو مەزرادا پیاسە دەکەی، لە ناکاو لە لەبەرپێتان کارگێك بە گومبەزە سپیەکەیەوە لە ناو گژوگیادا دەردەکەوێ، بە ڕای من زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشە. هەر شوێنێك کارگێکی لێ بێت، زۆر جار

کارگی تریشی لێ پەیدا دەبێ. کاتێك بە وردی کارگەکە لە ناو گژوگیا دەردێنی، کە هەڵیدەگێڕیەوە چاوتان بە پەڕەی پەمەیی و ناسك و وردی زۆر جوان دەکەوێت.

لە هەموو شتێك سەیرتر ئەوەیە هەڵکەندنی کارگ لە مەزرای خەڵکی تر بە تاوان ئەژمار ناکرێ. خاوەن مەزرا ناتوانێ ئێمە بە دزی کردن تاوانبار بکات. کارگەکان وەکو گێلاس و سێو نین. خاوەن مەزرا نەیچاندون. کارگەکان نهێنی سروشتن. هەروەها ئەگەر بەدوای کارگدا بچنە ناو مەزرای کەسێکی تر، خاوەن مەزرا ناتوانێ بە هاتنە ناو مڵکەکەی تاوانبارتان کات. ئەگەر زیانتان بە مەزراکەی گەیاندبێ تەنیا دەتوانێ سکاڵا بکات، بۆ نموونە شکاندنی پەرژین و زیان گەیاندن بە درەخت و بەرەوبوومەکانیان.



دیارە دەتوانێ داواتان لێ بکات لە مەزراکەی بڕۆنە دەرەوە. ئەگەر بەرێزەوە داوای کرد لە موڵکەکەی بڕۆنە دەرەوە، خێرا بڕونە دەر. بەڵام لە یاد نەکەن کارگەکانیش لەگەڵ خۆتان ببەن.

تووەکانیش لە مانگی سێپتەمبەر بە تەواوی پێدەگەن. هێشتاش دەتوانن لە سەر پەرژینەکان شاتوو و دڕو بدۆزنەوە. لەسەر لکی گوڵی تاج، ڕەنگی تووەکان سوورێکی تۆخە، لەسەر گوڵە سپیەکان ڕەنگیان سوورە، لەسەر درەختی **زمانە چۆلەکەی کێوی** ڕەنگەکەی نارنجی یەکی تۆخە. فستەقەکان قاوەیی بوون، پێگەیشتوون و کاتی چنینەوەیان هاتووە. میوەی دار بەڕووەکان خەریکی هەڵوەرینن. ئەگەر لە ناو باغەکەتان دار سێوتان هەیە، هەندێك لەو سێوانەی زوو پێدەگەن ئامادەی خواردنن. ئەگەر دوو هەفتە زووتر بە وردی سەیری دار بەڕووە هیندیەکان بکەن، کە میوەکەیان بۆ یاری کردن دەچنین، دەبینن چرۆ لینجەکانی سالّی داهاتوو وردە وردە دێنە دەر. مێش و مەگەزە وردیلەکان کە زۆر لە چرۆکان نزیك دەبنەوە پێوەی دەنووسێن. دەرختەکان زۆرترو زۆرتر ڕەنگەکانیان دەگۆڕدرێن. تەنانەت درەختی چناریش. ئەو درەختانەی گەڵاکانیان دەورن، خەریکی زەرد بوونن. دیمەنەکانی سروشت بە ئارامی لە سەوزەوە دەگۆڕێ بۆ زەردی زێرین.



## ئۆکتۆبەر

ئەم مانگەش، وەکو مانگی سێپتەمبەر، خۆش، ئارام، تەمومژاوی و پڕ لە بۆنی سێوی پێگەیشتوو. ئێمە لە پشتەوەی خانوەکەمان، پێنج **جریب**[٤] باغی میوەمان هەیە. نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر کە هاتمە ئێرە، حەفتا درەختی گەورە و بە تەمەنی میوەی لێ بوو، سەرتاسەری باغەکەیان داگرتبوو. درەختی سێو، هەرمێ، گێلاس، هەڵوجە. بە دڵنیاییەوە هەموویان سەدەیەك لەمەو پێش لێرە بوون. ساڵانە ئەوەندە میوەیان دەگرت، کە بە هەموو منداڵانی گوندەکەم دەوت هەر کات ویستیان، پەیژەیەك بێنن و هەر چەندێکی بیانەوێ لێ بکەنەوە. منداڵەکان پۆل پۆل دەهاتنە ناو باغەکە. ئەمڕۆ، بە تێپەڕینی کات، باو باران و تۆفان ژمارەیەکی زۆر لەو درەختانەی لە ناو بردووە، تەنیا سی درەختێك ماوەنەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سێوی زۆر دەگرن، لە مانگی ئوکتۆبەردا سێوە گەورە و سەوزەکانی تایبەت بە مرەبا و، سێوە سوورەکانی تایبەت بۆ خواردن، هەڵدەوەرن، بەڵام منداڵەکان ئیتر بۆ چنینی سێوەکان نایەن. دە یا پازدە ساڵ دەبێ تاکە منداڵێك نەهاتۆتە ناو ئەم باغە. نازانم

---

٤ - جریب یەکەی پێوانەی رووبەرە.

بۆ چی، لەم ڕۆژانەدا گروپێك لەو منداڵانەی کە لە قوتابخانە دەگەڕانەوە، لە کۆڵانەکەمان بوون و لێم پرسین ئایا پێتان خۆشە بە درەختەکاندا سەرکەون و سێوان بچنن. منداڵەکان سەریان جوڵاندو وتیان: نا!



٦٠

ئەو مندالانە چییان بەسەر هاتووە؟ وابزانم پارەیان زۆر پێیە، لە بری ئەوەی بێن سێوان بچنن، پێیان باشە برۆن لە دوکانەکان چیپس و ساردی بکڕن. بەڕای من ئەوە زۆر ناخۆشە. کوڕەکان دەبێ حەزبکەن بچنە سەر درەختەکان، خانووی درەختیی دروست بکەن، سێوان بچنن. رەنگە ئەو چیپس و ساردی و شتانەی رۆژانە دەیخۆن تەمبەڵی کردبن.

لەم مانگەدا، لەشکری باڵندە کۆچەرییەکان، بە وڵاتانی ئەسکاندیناڤی و دەریای باکوردا تێدەپەڕێنن، تا بگەنە کەناراوەکانی بەریتانیا. هەندێکیان وەکو ریشۆڵە، قەلەرەشە، رەشیشە، قەلەرەشەی گەردن بۆری زستانە، لەوێ دەمێننەوە. باڵندەکانی تر وەکو جوڕە، سوێسکە، بووکە سوورە، پێش ئەوەی بۆ بەسەر بردنی زستان بۆ ئەفریقا و بەرەو باشور بفڕن، لێرە پشوویەك دەدەن. ئەمڕۆکە، بورجەکانی دەرهێنانی نەوتی دەریای باکور، مەڵبەندی بێ هاوتای بینینی باڵندە کۆچەریەکانن. ئەو کەسانەی لەو بورجانەدا کاردەکەن، زۆر جار ئەو باڵندانە دەبینن کە لەسەر رێگەی خۆیان، لە **نەرویجەوە** بۆ **بەریتانیا**، پۆل پۆلی سەت دانەیی، بە دەورەی کڵپەی گازەکەدا دەسوڕێنەوە. ژمارەیەکی زۆر لە کۆترەکانی ناو دارستان لە دەریای باکور تێدەپەڕن، تا زستان لە بەریتانیا بەسەر بەرن، چونکە گەرمە. لێرە لە **چیلتن هیلز** کە من لەوێ دەژیم، دەتوانن بیانبین کە چۆن دەستە دستە لە دارستانەکانی لێواری دەریا، میوە پێگەیشتووەکانی ناو دارستان بە تامەزرۆییەوە دەخۆن.



ڕێگەیەك کە بە بەر ماڵی ئێمەدا بۆ سەر تەپۆلکەکە دەڕوات، شاڕێیەکی کۆنە و لە سەدەکانی ناوەڕاست جاددە بووە، شوانەکارەکان ئەم جادەیان بەکارهێناوە بۆ بردنی مێگەلەکانیان بۆ بازاری **ئۆکسفۆرد** و **بانبری،** کە لە باکوورەوە **چل مایل** لێرە دوورە. هەر بۆیە جادەکە بە تەواوی ڕۆچووە کاتێك پێیدا تێدەپەڕی، ئەو لاو ئەو لای جادەکە دەگاتە سەر سەرت. تەنیشتەکانی جادەکە نزیکەی مەترو نیوێك

بەرز و لیژن، بە گیاوگۆل داپۆشراون و جۆرەها درەختیان لەسەر رواوە. تا ماوەی سی یارد دەتوانین چەند جۆر درەختی پیر و گریداری بەڕوو، وەك **راش، زمانە چوێلەکە، غان، راج، گۆیژ، فستەق، خارین و توسکا**، ببینن. دەڵێن پەرژین تا کۆنتر بێ، دەتوانین درەختی جۆراوجۆرو زیاتری تێدا بژمێرین. لەم کاتەی ساڵدا، درەخت و پچکە گیا کێویەکان، پەرژینەکانی لای ئێمە دادەپۆشن، کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تووە سوورەکان و گوڵی نارنجی و زەرد لە یەك کاتدا سەردەردێنن. میوەی گوڵی سوور و گۆیژەکان رەنگی مارۆنی بە هەموو شوێنێك دا بڵاودەکەنەوە. ئەگەر پێستە سوورەکەیان بجووی، تامێکی زۆر خۆشی هەیە. لە تەنیشتی پڕ گژوگیای رێگا، جۆرەها گوڵی کێوی دەڕوێت. لە پشووی کۆتایی هەفتەدا، گروپەکانی گیاناسی لەندن دەبینن کە بە دوای جۆری نایابی ئەو گیایانەدا دەگەڕێن. بە ئارامی لە جادەکە دەچنە سەرێ و لە قەراغی جادەکە ورد دەبنەوە، کاتێك شتێکی سەرنج راکێش دەدۆزنەوە، بانگی یەکتر دەکەن. من ئەوانم خۆش دەوێ. چونکە هەموو مرۆڤێکی شەیداو هۆگرم خۆش دەوێ.

قالۆچەکان وردە وردە بۆ خەوی زستانە لە کون و کەلێنی دیوار و پەنجەرەکاندا ئارام دەگرن، لە خەو رادەچن تا گەرمای بەهار وەخەبەر نایەن.



# نۆڤەمبەر

ئێستاکە لە مانگی نۆڤەمبەر داین و دەتوانین بەراستی هەست بە زستانی ترسێنەر بکەین کە بە ڕێوەیە، بەڵام خۆشبەختانە ئەو مانگە چەند رۆژێکی خۆشی تێدایە. دارستانی کەناراوەکانی نزیك ماڵی ئێمە، رەنگی لەرادە بەدەر زەردیان وەخۆگرتووە، دارستانی رەشی سنەوبەرەکان وەکو بڵێسەی ئاگر زەرد هەڵگەراون. سنەوبەری رەش تەنیا درەختێکی قووچی ئینگلیزییە، کە لە زستاندا گەڵا وردو باریکەکانی دەوەرێ. گوڵی مینای پاییزی بە تەواوی پشکوتوون و، پۆل پۆل بە رەنگی پەمەیی و نارنجی کاڵ لە ناو باغدا دەبینرێن. ئیتر بەراستی پاییزە و، دەشت و دەر پڕ بووە لە رەنگی جوانی ئەو گەڵایانەی خەریکی مردن و لە ناو چوونن.

هاوکات ئەو مانگە ناوەراستی کۆرسێکە، کە ئێمە بە کۆرسی کریسمەس ناوی دەبەیین. من یەکەم کۆرسی کریسمەس لە ساڵی ١٩٢٤، واتە شەست و شەش ساڵ لەومەوبەر دوور لە ماڵەوە، لە قوتابخانەیەکی شەوانە بووم. تەمەنم تەنیا هەشت ساڵ بوو. لەم رۆژانەدا هەر بۆ خۆشی، سەیری نامەکانی ئەو کاتەم

دەکرد، کە بۆ دایکمم نووسیبوون. ئەو شتەی لە نامەکاندا زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، ئیملای زۆر خراپی ئەو کاتەم بوو. لێرەدا چەند نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە:

ئەورۆ چەندە پولێکم پێوەرنا...

لە شەرسامی خریك بوو شاخان دەرکەم...

هەموو پاردەکانمان راکیشاوە...

زۆر بر تام بو...

پانتۆڵە خوریەکەم فزر کرد...

ئەورۆ قوتالخانەی ئێمەو قوتالخانەی سنت دونستانس تۆپێنیان کرد...

کتێبی دوحایەکانم لە کەمیسە ون کرد...

هەمووومان سەلمامان بووە...

من یەك ولم لێدا...

ئەورۆ کەزێکم خوارد بە ناوی موشکیل، زۆر خۆش بوو...

تەنیا بۆ ئەوەی مەبەستم بسانیێ...

ئەوان ئێمەیان سبر برد...

گۆڵچیەکی بەژن درێزیان هەبوو...

درەنگانی شەو کابرایەك بە ناوی میچل بوتارێکی باشی بۆ خوێندینەوە...

خاڵی لاوازم هەمیشە ئیملایەکەم بوو، ئێستاش ئیملام باش نییە. دیارە قوتابخانە هەموو هەوڵی خۆی دا. هەر وشەیەکم راست نەبایە دروستەکەشم لە

دوای دەرسەکە سەت جارم دەنوسیەوە. من لە تێیێ ئاخنینی دەرس لە ناو مێشکی مرۆڤەکان، ڕێگەیەکی باشترم نەدەزانی.

نۆڤەمبەر مانگی یاری ئاگری و جەژنی ڕۆژی **گای فاکسە**. ئای، ئەو کاتەی لە قوتابخانەی شەوانە بووم، چەندە چاوەڕوانی هاتنی پێنجەم ڕۆژی نۆڤەمبەر بووین. ئێستا کە هەموو شوێنێك ڕووناکە، کەس بڕوا ناکات ئێمە لەو شەوە بەناو بانگەدا، ڕێ پێدراو بووین بۆ ئەنجامدانی چ کارێك. بە هەر یەکێکمان کە هەشتا کوڕی حەوت تا دوازدە ساڵان بووین، سندوقێکان ترەقە دەدایێ (پارەکەشی دەبوو دایك و باوکمان بیدەن)، کە تاریك دادەهات، دەبوو بڕۆین بۆ مەیدانێکی تۆپانیێ، ترەقەکان ئاگر بدەین. کوڕانی هەشت تا دوازدە ساڵ بەو ترەقانەی خۆیان هەڵیان دەکردن، مەیدانی تۆپانێیان دەکردە هەراو ئاگرباران. ترقەی زۆر مەترسیداریش لەناو ئەو ترەقانەدا هەبوون. ترەقەکان چەندین جۆر بوون، ترەقەی مۆمی ڕۆمی، ترەقەی ترسێنەر، ماری ئاگرین، قومبەلەی دەستی و زێڕینە باران. لەسەر زۆربەیان نووسرابوو: فتیلەکە هەڵکەن و دوورکەونەوە و لە دەستاندا ڕایمەگرن. بینەرانی ئەو جەژنە زۆر کەم بوون. تەنیا یەك یان دوو مامۆستای قوتابخانە جار جار بەدەر دەکەوتن. من چوار ساڵ لەسەر یەك لەو مەراسیمە بە شکۆیانەدا بەشدار بووم و، هیچ کەسێکیش ئازارێکی جیدی بەرنەکەوت. دیارە زۆر ئاساییە کاتێك شتێکی ئاوا ڕووی دەدا، چەند کەسێك لێرەو لەوێ دەستیان بسوتێ. خێرا دەچووینە لای پەرستاری قوتابخانە، ئەویش شتێکی زەردی لە سوتاوەکە هەڵدەسوی و تەداوی دەکرد. دەزانم ڕاست نییە منداڵەکان بخەنە ناو ئەو جۆرە مەترسیانە، ئیتر ئەمڕۆ ئەو جۆرە کارانە بە باش نازانم، بەڵام لە لایەکی تر ئەم ڕاستیەش هەیە کە هەر چەندە منداڵان زیاتر بخەیە

مەترسیەوە، باشتر فێر دەبن ئاگاداری خۆیان بکەن. ئەگەر نەهێڵین هەرگیز نزیکی هیچ مەترسییەك بکەونەوە، بەڕای من بەرگەی هیچ ناخۆشییەك ناگرن. کوڕەکان دەبێ ڕێیان پێبدرێ لە درەختە بەرزەکان سەرکەون، لەسەر دیواری بەرز پیاسە بکەن و، لەسەر تاشە بەردە بڵندەکانەوە، خۆ فڕێ دەنە ناو دەریا. ئەوە زۆر باشترە لەوەی کە بەردەوام پێیان بڵێین: نا، گیانە، نا، ئەتۆ نابێ ئەو کارە بکەی. مەترسیدارە. سەبارەت بە کچەکانیش بە هەمان شێوە. من ئەو منداڵەم خۆش دەوێ کە کاری مەترسیدار دەکات. لەو منداڵانەی کە هەرگیز کاری مەترسیدار ناکەن زۆر باشترن.

لە دارستانەکەی سەرووی ماڵەکەمان، گۆڕکەنێك لانەی هەیە. لەو مانگەدا گۆڕکەنەکان، بە تەواوی خۆیان بە هەڵکەندنی لانە قووڵەکانی زستانەوە خەریك دەکەن و، ناو لانەکانیشیان بۆ ئەوەی گەرم بێ بە گەڵای وشك دادەپۆشن. پێش ئەوەی مانگی نۆڤەمبەر تەواو بێت، زاڵکی لانەکە دەگرن و بە درێژایی زستان دەخەون. سەوزە مارەکانیش وەکو گۆڕکەنەکان، وردە وردە خۆیان بۆ خەوی زستانە ئامادە دەکەن، بەڵام وەکو گۆڕکەنەکان نین تا لانە دروستکەن. ئەوان هەر لانەیان نییە، بەڵکو لە ناو رەگە لێك ئاڵاوەکانی درەختان و لە ژێر پەرژینەکاندا خۆیان حەشار دەدەن و، بۆ ئاسوودەیی خۆیان لە یەکتر دەئاڵێنن. بۆ زۆربەی زیندەوەرە بچوکەکان نزیك بوونەوەی زستان، مانای ئەوەیە کاتی خەوتنە تا هاتنەوەی دووبارەی بە هار. ئەگەر ئێمەش بمان توانیبایە ئەو کارە بکەین، ژیان زۆر ئاسانتر دەبوو.

## دێسەمبەر

لەو مانگەدا، هەروەك هەمووتان دەزانن، دوو رووداوی خۆش روو دەدەن. کۆرسی خوێندن تەواو دەبێ و جەژنی کریسمەس دێت. زۆربەتان هەموو مانگی دێسەمبەر، بە ژماردنی ئەو رۆژانە بەسەر دەبەن کە ماوە بۆ کریسمەس. دایك و باوکتان دەکەونە جموجۆڵ، تا وەك نەریتێك ئەو کارانە ئەنجام بدەن، کە لەو رۆژانەدا پێویستن، وەك ئامادە کردنی لیستی دیارییەکان، ناردنی کارتی پیرۆزبایی و دواتر کڕینی دەرختی کریسمەس. بە دڵنیاییەوە تا ئێستا پێتان وتوون چ دیارییەکتان دەوێ. من ئەو منداڵانەم زۆر خۆشدەوێ کە بۆ خۆیان کارتی کریسمەس دروست دەکەن، هەر کاتێك یەکێك لەو کارتانەم بۆ دەنێرن زۆر خۆشحاڵ دەبم، چونکە دەزانم چەند پێوەی ماندوو بوون و چەندیشی کات ویستووە. نامەوێ هەرگیز ئەو کارتە پیرۆزبایانە وەربگرم، کە بە فیزێکەوە وێنەی خۆی و منداڵەکانی گرتووەو لەسەر کارتەکەی داوە. مرۆڤ لە بریقەی چاوی کەسانی لەخۆبایی. کە لە ناو وێنەدا ڕاماوە، خەریکە کوێر دەبێت.



تەنانەت ئەگەر لە ناو شاریشدا بژین، لەو کاتەی ساڵدا دەتوانن ئاگاداری چەند جۆر باڵندەی تارادەیەك نایاب بن. سەر دیواری ماڵەکەمان جۆرە گیایەکی لێیە، هەمیشە لە مانگی دێسەمبەردا ئەو ناوە پڕە دەکا لە میوەی سوورو جوان، کە تایبەتە بۆ جۆرە باڵندەیەکی خۆشەیست بە ناوی **مومباڵ**. لەوانەیە بڵێین تا ئێستا ئەو باڵندەیەمان نەدیوە و تەنانەت ناوەکەشمان نەبیستووە، بەلام لەوانەیە چەند جارێك ئەو باڵندەیەتان دیبێت و سەرنجتان نەدابێ و لێی بێ ئاگا بن. مومباڵ تەنیا لە مانگی دێسەمبەر بۆ رزگاربوون لە سەهۆڵبەندانی **نەرویج** و **سوید** دێ بۆ **بەریتانیا**.

هەندێك ساڵ پۆل پۆل دێن و هەندێك ساڵیش هەرنایەن. ئەگەر کتێبی رێنمای باڵندەکانی خۆت تەماشا بکەی، دەبینی کە مومباڵ وەکو توتی، کاکۆڵێکی قاوەیی کاڵی زۆر جوانی بەسەرەوەیە. سەرباڵەکانی رەش و سپی خەت خەتن. پەڵەیەکی سوور لەسەر باڵەکانیەتی و هێڵێکی زەرد لە کۆتایی کلکی دەبینرێ. گرفتەکە لێرەدایە، ئەو باڵندانە ئەوەندە جوان و سەرنج راکێشن، هەندێك جار مرۆڤە نەزانەکان تەنیا لە پێناوی پەڕەکانیان دا ڕاویان دەکەن.

لە مانگی سێپتەمبەر، کوندە برۆنزیەکانی ناو باغەکەمان، بە درێژایی شەو شێتانە هوهویانە. ئەگەر ئێوە لەو شارانەدا بژین، کە کوندەکان بە راوکردنی چوێلەکە و ریشۆڵە نووستوەکانی سەر لك و پۆپی دارەکان خۆیان تێر دەکەن، زۆر جار لە شەودا دەنگیان دەبیستن.

ئێستا كە خەریكی نووسینم، هاتەوە یادم كاتێك كە نۆ یا دەساڵان بووم (بە روونی نایەتەوە بیرم) لە پشووی كریسمەس كارێكم ئەنجامم دا. لە **كێنت** لە خانوویەكی گەورەو دڵگیردا دەژیاین. لە پشت ماڵەكەمان مەزرایەكمان هەبوو، رێگەیەكی پان بە نێوانیدا تێدەپەڕی كە شوێنی هاتووچۆی خەڵك بوو. كریسمەسی ئەو ساڵە سندوقێكم **میكانۆ**[٥] وەك دیاری كریسمەس وەرگرتبوو، ئەو شەوە دوای تەواو بوونی جەژنەكە لە سەر جێگایەكەم راكشابووم، بیرم لەوە دەكردەوە بەو میكانۆیە شتێك دروست بكەم، كە تا ئێستا كەس دروستی نەكردبێ. لە كۆتاییدا بڕیارم دا ئامێرێك دروست بكەم، بتوانێ لە ئاسمانەوە ئەو رێبوارانە بۆمباران بكا، كە بە ناو مەزراكەماندا تێدەپەڕن.

بە كورتی پلانەكەم ئەوە بوو: لەسەر بانی ماڵەكەمانەوە بەلای ریگاكەدا، تا گەراجە كۆنەكەی لایەكەی تر، تەلێك رایەڵبكەم. دواتر بەو پارچانەی ناو سندوقە میكانۆیەكە، ئامێرێك دروست بكەم بە خولخولەیەكەوە بە تەلەكەوە هەڵواسرێت. ئەو ئامێرە بە خێرایەكی زۆر بە پەتەكە دا بڕوات و، ئەو شتانەی پێیەتی بەسەر ئەو رێبوارە بێ ئاگایانەدا هەڵڕێژێ كە بە ژێریدا تێدەپەڕن.

سبەی بەیانی، بەو خۆشی و شادیەی كە هەموو داهێنەرە گەورەكان تووشی دەبن، لە پەنجەرەكەوە خۆم گەیاندە سەربانی ماڵەكەمان و، سەرێكی تەلەكەم لە دەوری دوكوڵكێشەكە ئالاند. تەلەكەی دیكەم هاویشتە ناو باغەكەو بۆ خۆشم لە پەنجەرەكەوە رۆیشتمە خوارێ. تەلەكەم بە ناو باغدا رەت كرد، بە سەر پەرژین دا، بە پانایی جادەو

---

٥- ئەو ئامرازانەی گەمەی منداڵانە كە منداڵ دەتوانێ چی بیەوێ پێیان دروست بكات.

بەسەر پەرژینی لایەکەی تری جادەکەدا، تا گەیاندمە ناو مەزراکە. دواتر تەلەکەم زۆر توند راکێشاو، سەرەکەی تری تەلەکەم بە بزمارێکی گەورە بە سەر دەرگای گەراجە کۆنەکەوە بەستەوە. درێژایی تەلەکە نزیکەی سەت مەتر دەبوو. تا ئێرە زۆر باش بوو.

دواتر بەو شتانەی لە ناو سندوقە میکانۆیەکە دابوو، دەستم کرد بە دروستکردنی ئامێری بومباران! ناوم لێ نابوو عارەبانەی جەنگی! خولخولەکەم بە ستوونێکەوە بەست، کە درێژایەکەی حەفتا سانتیمەتر بوو. ئەو ستونەم بە گۆشەی نەوەت پلەیی لە ناوقەدی عەمودێکی ترەوە بەست و پێنج قوتوی بەتاڵی سوپم بە ستوونە ئاسۆییەکەوە هەڵواسی. عارەبانە جەنگیەکەم تارادەیەك وەکو ئەم وێنەیە بوو.

عارەبانە جەنگییەکم بردە سەربان و پەتەکەم بە تەلەکەوە هەڵواسی. دواتر سەری تۆپە داوێکم لە شوێنی پێکەوە بەستنی ستوونە ئاسۆیی و شاوڵییەکە ئاڵاندو، و عارەبانەکەم بەرەڵا کرد تا بڕوات. بەو شێوەیەی کە لەسەر تەلەکە دەرۆیشت، پەتەکەم بەرەڵڵا کرد. زۆر باش بوو. لەبەر ئەوەی تەلەکە لە سەربانی ماڵی خۆمانەوە، تا گەراجە کۆنەکە زۆر لێژبوو، عارەبانەکە بە خێرایەکی زۆرەوە بەسەر تەلەکەدا دەرۆیشت. عارەبانەکە بەسەر باغەکەدا رۆیشت و لە جادەکە تێپەڕی تا نەگەیشتە دەرگای گەراجە کۆنەکە، رانەوەستا. بێ وێنە بوو. ئێستا ئامادەی ئەنجامدانی هێرشەکە بووم.

داوەکەم راکێشا و عارەبانەکەم هێنایەوە لای خۆم. ئێستا بە دۆلکەیەك هەر پێنج قوتوەکەم پڕ کرد لە ئاو. بۆ چاوەڕوانی قوربانییەك، لەسەر بانەکەمان لەسەر

سك راكشام! دەمزانی زۆر لە چاوەڕوانیدا نابم، چونكە خەڵكانێكی زۆر بۆ پیاسە كردنی ناو دارستان، لەگەڵ سەگەكانیان بێرەدا تێدەپەڕن.

زۆری پێنەچوو دوو خانم بە تەنوورەی خووری و كورت و كڵاو بەسەر، بە پیاسە كردن بە جادەكەدا هاتن. سەگێكی بچووك و قاچ كورت و توكتن وردە وردە دەهاتە پێشەوە. دەمزانی دەبێ زۆر بە وردی كاتی ئەنجامدانەكە رێك بخەم. لەبەر ئەوە كاتێك ئەوان گەیشتنە نزیك تەلەكە، عارەبانەكەم بەرەڵڵا كرد تا بڕوات. عارەبانەكە بە خێرایی ڕۆیشتە خوارێ. تۆپی داوەكە لە دەستمدا زۆر بە خێرایی كرایەوە، خولخولەكە تیژ تێدەپەڕی و دەنگی خشە خشێكی ئارام و سەرنج راكێشی لە خۆیەوە دروست كرد. بۆمباران لە بەرزایەوە ئاسان نییە. دەبوو بە باشی بمزانیبایە عارەبانەكەم كەی بە تەواوی دەگاتە سەرسەریان. هەركە گەیشتە ئەوێ لە ناكاو پەتەكەم راكێشا. عارەبانەكە یەكسەر راوەستاو قوتوە پڕ لە ئاوەكان سەروبن بوون و ئاوەكەیان هەڵڕژاند. خانمەكان بە بیستنی دەنگی عارەبانەكەم، كە بە خێرایی بەرەولایان دەچوو راوەستابوون و تەماشای سەرەوەیان دەكرد. ئاو وەكو تاڤگە بەسەر دەمو چاویاندا رژا. لە رادەبەدەر خۆش بوو. هەر یەكەم جار ئامانجەكەی پێكا، هەردووكیان لە ترسان هاواریانكرد. بۆ ئەوەی نەبینرێم لەسەر سوێبانكە درێژ ببووم و بە هێواشی سەیرم دەكرد. بینیم هەردووكیان دەستیان كرد بە قیژاندن و راوەشاندنی مستەكۆڵەكانیان، دواتر بە هەنگاوی توند و خێرا لە دەرگای باغی پشتەوە هاتنە ژوورێ، لە باغەكە ڕۆیشتنە دەرەوەو

دەرگاکەشیان بە توندی پێکدادا. منیش زۆر بە زیرەکی و ئازایانە لە پەنجەرەی ڕووناکیەکەوە ڕۆیشتمە خوارێ و بزر بووم.

کەمێك دواتر، کاتی نانی نیوەڕۆ، دایکم بە چاوێکی ساردو مۆڕوە تێمەوە ڕاماو و وتی تا کۆتایی پشوو سندوقی میکانۆیەکەم لێ دەستێنێ. بەڵام ڕۆژەکانی تری پشوو، بە تامی ئەو هەستە خۆشەی کاتی سەرکەوتنێکی گەورە هەمووومان تووشی دەبین، دڵ خۆش بووم.

هیوادارم هەمووتان کریسمەسێکی خۆشتان لە پێشدا بێ و پشووەکەتان بە خۆشی بەسەر بەرن.

